# بازرگانی و پیشەسازی

http://www.sulcci.com

رۆژنامەیەکی ئابورییە ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بڵاویدەکاتەوە | ژمارە 21 2022-12-11



ریکلام







١٥٠٠ کەس لەسلێمانییەوە بۆ سەیری مۆندیال چونەتە قەتەر

5 »

لەهەرێمی کوردستان سیستەمی غاز بووە بەفۆبیا

9 »



دراوە ئەلکترۆنییەکان بۆچی هارەیان کرد؟

10 »

٥٠٠ تۆن هەنگوین ئەمساڵ لەپارێزگای سلێمانی بەرهەمهاتووە

12 »



# 2023

# ساڵی بەهێزتر کردنی کەرتی تایبەت

14 »

## 2 ملیۆن گەشتیار لە 2022 دا هاتونەتە سلێمانی

3 »

# کۆنسوڵی ئەمریکا سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی دەکات

**بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەنێوان شاری سلێمانیو وڵاتی ئەمریکا، کۆنسوڵی گشتی ئەمریکا لەهەولێر سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کرد.**



ئێرب یکس، کۆنسوڵی گشتی ئەمریکا لەهەولێرو ژمارەیەک لە هاوکارانی لەکونسوڵخانەی ئەمریکا سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانییان کردو لەلایەن سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو نەوزاد غەفور جێگری سەرۆکی ژوورو بەختیار مەحمود ئەندامی کارگێڕی ژوورو ژمارەیەک لەبازرگانانو خاوەنکارانی شاری سلێمانی پێشوازییان لێکرا.

ئێرب یکس، کۆنسوڵی گشتی ئەمریکا لەهەولێر، رایگەیاند "دەمانەوێت پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بەهێز بکەین چونکە دەرفەتی کارکردن لەشاری سلێمانی زۆرەو ناوچەیەکی گرنگە بۆ وەبەرهێنان".

راشیگەیاند "دەمانەوێت پەیوەندییە بازگانییەکان لەگەڵ ژوورە بازرگانییەکانی ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکاو هەرێمی کوردستان بەهێز بکەین تا لەنزیکەوە کاری هاوبەش ئەنجام بدەنو بتوانن کاری هاوبەش لەنێوان بازرگانانو وەبەرهێنەرانی هەردوولادا هەبێتو ئامادەکاری دەکەین بۆ هاتنی شاندێکی گەورەی بازرگانی ئەمریکی بۆ هەرێمی کوردستان کە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەنێوان هەردوولادا".

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەکۆبونەوەکەدا ڕایگەیاند "ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیوەندی بازرگانیو پیشەسازی هەیەو دەمانەوێت لەگەڵ ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکاش کاری هاوبەشمان هەبێت، چونکە بازرگانان لەشاری سلێمانی توانای کاری زۆریان هەیەو بەشێکی زۆری وەکالەتە جیهانیەکان بازرگانانی شاری سلێمانی وەریانگرتووەو لەعێراقدا دابەشی دەکەنەوە".

راشیگەیاند "ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی خاوەنی پێشانگای نێودەوڵەتی تایبەت بەخۆیەتی کە ساڵانە چەندین جۆر پێشانگای جۆراوجۆری تێدا دەکرێتەوەو سەردانیکەری زۆری هەیە بۆیە کۆمپانیا ئەمریکیەکان گرنگە بەشداری بکەن لەم جۆرە پێشانگایانەدا، چونکە شاری سلێمانی لەڕوی ئاسایشەوە یەکێکە لەشارە ئارامەکان".

سیروان محەمەد، ئاماژەی بەوەش دا "گەورەترین پڕۆژەی گەنجینەی خۆراکی لەسەرئاستی عێراق لەشاری سلێمانیە کە ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی سەرپەرشتی دەکاتو بەبێ قازانج بازرگانان سوودمەند بوون لێی بەپێشکەوتوترین جۆر کۆگاکان دروستکراوەو خۆراکی تەواوی تیادا هەڵدەگیرێت، لەسەر ڕوبەری یەک ملێۆن مەتر دروستکراوە بەتێچوی زیاتر لە ١٥٠ ملێۆن دۆلار کە لە ٩٥٪ کارەکانی تەواو بووە بەشێوەی تەندروست خۆراکەکان هەڵدەگیرێت کە شاری سلێمانی کردۆتە سەنتەرێکی گەورەی بازرگانیو لەڕێگەیەوە خۆراکو پێداویستیەکان دابەشدەکرێت".

سەرۆکی ژوور ئەوەشی رونکردەوە "ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی تاکە ژوورە لەسەر ئاستی عێراق بەسیستمی یەک پەنجەرەیی کاردەکات کە ماوەی پێنج ساڵە ئەو کارە دەکەینو چەندین چالاکی دیکەمان هەبووە، ئەمەش وایکرد ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەسەر ئاستی عێراق بەچالاکترین ژوور دەستنیشان بکرێتو خەڵاتی ئاڵتونیمان پێبدرێت".

سیروان محەمەد داواشیکرد "کۆنسوڵ کاربکات بۆئەوەی شاری سلێمانی بکاتە دەستە خوشکی شارەوانی ئەمریکاو کاربکات بۆ بەهێزکردنی کەرتی بانکی لەهەرێمی کوردستانو هاندانی کۆمپانیا ئەمریکیەکان بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لەشاری سلێمانیو دانانی کارگەی گەورە بەهاوبەشی لەگەڵ بازرگانانی سلێمانیو کارکردن بۆ پێدانی قەرزی بانکی خاوەن پڕۆژە پیشەسازیەکانو خانووبەرە لەلایەن حکومەتی عێراق وەک ئەوەی لەهەموو عێراقدا هەیە، ئەو قەرزەش هەرێمی کوردستان بگرێتەوە".

سەرۆکی ژوور ئاماژەی بەوە کرد "لەشاری سلێمانی دوو کارگەی گەورە هەن تایبەتن بەکۆمپانیا ئەمریکیەکان کە کاردەکەنو بەرهەمیان هەیەو بەتەواوی عێراقدا دابەشی دەکەن هەربۆیە داواکارین کونسوڵ کاربکات بۆ هاندانی کۆمپانیاکانی دیکەش بۆ وەبەرهێنان لەشاری سلێمانی".

هەر لەکۆبوونەوەکەدا ژمارەیەک لەبازرگانانی شاری سلێمانی کە بەشدار بوون پێشنیاریان کرد بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئەمەریکا. کونسوڵخانەی ئەمەریکا لەهەولێر هاوکاریان بێت.

لەکۆتاییدا ئێرب یکس، کۆنسوڵی گشتی ئەمریکا لەهەولێر رایگەیاند "بەدڵنیاییەوە کاردەکەین بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی باشی بازرگانی لەگەڵ شاری سلێمانی دروستبکەین هاوکاری تەواوتان دەبین بۆ بەهێزکردنی کەرتی بانکیو ئەنجامدانی وەبەرهێنان".

# شاندێکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی سەردانی بەنگلادیش دەکات

**شاندێکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بەشداری لەمیهرەجانی تایبەت بە بەرهەمەکانی بەنگلاندش کرد لەدەکای پایتەختی بەنگلادیش.**



دوای سەردانی باڵوێزی بەنگلادیش لەبەغدا، محەمەد فازل ئەلباری، بۆ ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کە بانگهێشتی فەرمی بازرگانانی شاری سلێمانی کرد لەڕێگەی ژووری بازرگانیەوە بۆ بەشداری کردن لەمیهرەجانی تایبەت بە بەرهەمەکانی بەنگلاندیش لەدەکای پایتەختی ئەو وڵاتە، شاندێکی بازرگانی شاری سلێمانی بەشدار بوو.

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی رایگەیاند "لەسەر داوای باڵوێزی بەنگلادش شاندێک بەسەرپەرشتی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەشاری دەکای پایتەختی وڵاتی بەنگلادیش بەشداری کرد لەمیهرەجانی هەفتەی MADE IN BANGLADESH".

راشیگەیاند "شێخ حەسینە واجد، سەرۆک وەزیرانی بەنگلادیش لەمیهرەجانەکەدا وتەیەکی پێشکەش کردو باسی لەگرنی کاری بازرگانی کرد لەگەڵ وڵاتانی جیهانو هیوای خواست ئەو بازرگانانەی سەردانی وڵاتەکەیان کردووە کاری هاوبەشی بازرگانی ئەنجام بدەنو پەیوەندی بەهێز دروست بکەن لەگەڵ یەکتردا، لەمیهرەجانەکەدا چەندین کۆمپانیای جیهانی بەشدار بوون، شاندێکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیش بەشداریان کرد کە زۆر بەگەرمی پێشوازیمان لێکرا".

سەرۆکی ژوور ئاماژەی بەوەش دا، دوای بەشداری کردن لەمیهرەجانەکە، سەردانی ژووری بازرگانی "دەکا "مان کردو داوایان کرد پەیوەندییە بازرگانییەکان لەنێوان بازرگانانی هەرێمی کوردستانو وڵاتی بەنگلادیش دروست بکرێت، سیروان محەمەد وتی "ئێمە دەرگامان کراوەیەو ئامادەین بۆ هەموو جۆرە کارئاسانییەک بۆ بازرگانانی هەرێمی کوردستان کە دەیانەوێت لەگەڵ کۆمپانیاکانی وڵاتی بەنگلادیش کار بکەن، وڵاتی بەنگلادیش بەناوبانگە بەچەندین جۆر میوەی دەگمەنو نایابو دەرمانو کاڵای تەندروستی، دووەم وڵاتە لەڕووی جلو بەرگو قوماشەوە لەسەر ئاستی جیهان، خوازیارین پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ عێراقو هەرێمی کوردستان دروست ببێت، بەتایبەتی لەبواری دەرمانو کاڵا تەندروستییەکان کە بە بەرزترین کوالێتیو هەرزانترین نرخ بەرهەم هاتوون، ئێمەش وەکو ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بانگهێشتی بازرگانانی بەنگلادیشمان کرد کە بەشدار بن لەپێشەنگاکانی شاری سلێمانی تاکو کاڵاو شتومەکەکانیان نمایش بکەن کە ساڵانە پێشانگای نێودەوڵەتی دەکرێتەوە".

سیروان محەمەد ئەوەشی خستەڕوو، شاندی بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کە لەمیهرەجانەکەدا بەشدار بوون چەند گرێبەستێکی کارکردنی هاوبەشیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەنگلادیش واژۆ کرد، سەرۆکی ژوور وتی "هیوادارین ئەم سەردانە ببێتە بناغەیەک بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ئابوری بەهێز لەنێوان هەردولادا".

وتیشی "لەسەردانەکەماندا بۆ وڵاتی بەنگلادیش لەلایەن باڵوێزخانەی عێراق بانگهێشت کراینو پێیان راگەیاندین ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاریو کارئاسانییەکین بۆ ئەو بازرگانانەی دەیانەوێت گرێبەستی کارکردن واژۆ بکەن لەگەڵ کۆمپانیاکانی وڵاتی بەنگلادیش، سەردانەکەی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیشیان زۆر بەرز نرخاند و رایاگەیاند ئێوە هەنگاوێکی گەورەتان ناوە بۆ دروستکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەنێوان عێراقو بەنگلادیش، لەم رووەشەوە ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی پشتیوانی تەواوی بازرگانان دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وڵاتی بەنگلاندیش".



# ٢ ملیۆن گەشتیار لە٢٠٢٢دا هاتونەتە سلێمانی

## "هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە شاری سلێمانی ببێت بەشارێکی گەشتیاریی"

ئا: زریان محەمەد

**وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات لەمساڵی ٢٠٢٢دا ژمارەیەکی زۆر گەشتیار هاتوونەتە سلێمانیو بەراورد بەساڵی پار کەرتی گەشتیاریی لەسلێمانی زۆر گەشەی کردووە، ئەو دەڵێت "لەماوەی یانزە مانگی ئەمساڵی ٢٠٢٢دا نزیکەی دوو ملیۆن گەشتیار ڕویان لەشاری سلێمانی کردووە، کە لەسەدا ٨٥ی گەشتیارەکان لەشارەکانی ناوەڕاستو خواروی عێراقەوە هاتون".**



شەوانی شەقامی سالم لەسلێمانی

وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی، ئارام شوانی لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "بازرگانی و پیشەسازی" راگەیاند لەماوەی یانزە مانگی ئەمساڵی ٢٠٢٢دا ئەوگەشتیارانەی ڕویان لەشاری سلێمانی کردووە یەک ملیۆنو ٩٠٤ هەزارو ٣٨٣ کەس بووە، تا کۆتایی مانگی دوانزەش پێشبینی دەکەن بگاتە زیاتر لەدوو ملیۆن گەشتیار، ئەو وتی "هاتنی ئەو گەشتیارانە لەڕێگەی دەروازە سنوریەکانو فڕۆکەخانەو بازگەکانەوە تۆمار کراوەو لەو ڕێژەیە لەسەدا ٨٥ی بەگەشتیاری شارەکانی خواروی عێراق دەخەملێندرێتو ئەوەی دەمێنێتەوە لەوڵاتانی دراوسێو جیهانەوە هاتون".

وتیشی "هاتنی ئەو گەشتیارانە جوڵەیەکی باشی خستۆتە ناو بازاڕو هۆتێلو ڕێستۆرانتو شوێنە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانیو لەهەموو وەرزەکاندا شاری سلێمانی گەشتیاری تایبەت بەخۆی هەیەو ڕودەکەنە ناوچە گەشتیاریەکانو لەلایەن خاڵە سنوریەکانەوە کارئاسانی تەواو بۆ گەشتیاران دەکرێتو ڕێزیان لێدەگیرێتو بەخێرایی بەڕێدەکرێن".

ئارام شوانی جەغتی لەوە کردەوە کە کەرتی گەشتیاریی سلێمانی لەمساڵدا زۆر گەشەی کردووە بەراورد بەساڵی ڕابردوو، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ کرانەوەی خەڵکی شارو نەمانی مەترسیی کۆرۆناو ئەمنیەتو سەلامەتی لەپارێزگاکەدا.

راشیگەیاند" خۆشبەختانە لەئێستادا کێبڕکێکەی بەهێز بەدی دەکرێت لەنێوان خاوەن کۆمپانیا گەشتیاریەکانو هۆتێلەکانی شاری سلێمانی بۆ هێنانی گەشتیاران کەئەمەش وایکردووە هاتنی گەشتیاران لە ماوەی ئەم یانزە مانگەدا بەراورد بەپارساڵ ٢٠٢١ زیاتربێت".

وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی ئاماژەی بەوەش دا لەشاری سلێمانی بەهۆی زۆری ناوچەی گەشتیاریو سروشتی جوانی ناوچەکە، گەشتیاران حەزێکی زۆریان بۆی هەیە کە ئەمەش وایکردووە بازاڕێکی باش لەناوچەکەدا هەبێتو بەردەوام پشتیوانی لەگەشتیاران بکەن، ئەو وتی "زۆرترین گەشتیار کە دێنە شاری سلێمانی ڕودەکەنە هاوینەهەواری دوکانو ئەحمەدئاوا کە شوێنی گەشتیاریی دلڕفێنن، هەروەها شوێنی گەشتیاریی دەستکردو سروشتیمان هەیە وایکردووە گەشتیاری زۆر سەردانی بکەن".

سەبارەت بەتوانای شاری سلێمانی لەگرتنەخۆی گەشتیار ئەوەی رونکردەوە کە سلێمانی توانای ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری هەیە لەڕووی هۆتێلو چێشتخانەو شوێنە گەشتیارییەکانو مانەوەیان، کە دەتوانێت لەیەککاتدا ٢٥ هەزار گەشتیار لەخۆبگرێت، ئارام وتی "بەردەوام ریستۆرانتو کافتریا لەکردنەوەدان ئەمساڵی ٢٠٢٢ تا ئێستا ٦٥ شوێنی تازە کراونەتەوەو هەندێک جاریش شوێن هەیە دادەخرێت، بەڵام ئامارەکان بەهەمو شێوەیەک شوێنی گەشتیاریی لەزیادبوندایەو بەکۆی گشتی لەشاری سلێمانی زیاتر لە ١٦٠٠ مۆڵەت دراوە بەڕێستۆرانتو مۆتێلو هۆتێلو کافتریاو شوێنی گەشتیاریی، ئەمەش جێگەی دڵخۆشییە بۆ ئێمە، پشتیوانی تەواوی هەمو پڕۆژەیەکی گەشتیاریی دەکەین لەسنوری پارێزگای سلێمانی".

دەربارەی پلانی کارکردنیان بۆ ساڵی تازە، ئارام شوانی وتی "ئێمە زۆر بێ پارەین بودجەمان نیەو دەسەڵاتیشمان نیە، کە ئەمانە نەبوو هیچمان پێناکرێت، چەندین بازرگان هەوڵی کردنەوەی هۆتێلی پێنج ئەستێرە دەدەن لەڕێگەی وەبەرهێنانەوەو هەوڵەکان بۆ کردنەوەی شوێنی گەشتیاریی بەردەوامە لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیمانەوە، هەموو پشتیوانییەک بۆ ئەو کەسانە هەیە کە دەیانەوێت پڕۆژەی گەشتیاری بکەن".

وتیشی "شاری گەشتیاریی دوکان یەکێکە لەپڕۆژە گەورەکانی گەشتیاریی کە بەردەوامە لەکارکردنو پشتیوانی تەواوی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەیە، هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە شاری سلێمانی لەگەڵ ئەوەی شاری ڕۆشنبیرییە ببێت بەشارێکی گەشتیاریی لەهەموو لایەکەوە گەشتیار سەردانی بکات، لەبەرئەوەی کەرتی گەشتیاری سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتە دەتوانرێت وەک یەکێک لەسەرچاوە سەرەکییەکان پشتی پێببەسترێت ئەگەر پەرەی پێبدرێت".

> هاتنی ئەو گەشتیارانە جوڵەیەکی باشی خستۆتە ناو بازاڕو هۆتێلو ڕێستۆرانتو شوێنە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانیو لەهەموو وەرزەکاندا شاری سلێمانی گەشتیاری تایبەت بەخۆی هەیە

ئەمە لەکاتێکدایە کە لەپارێزگای سلێمانی ١٣٥٠ بنکەی گەشتیاریی هەیە، لەو ژمارەیە ٦٠٠ بنکەی خواردنگەو هۆتێلی میللی هەیەو مۆڵەت لەقایمقامیەت وەردەگرن، ٧٥٠ بنکەیان گەشتیارییەو مۆڵەت لەبەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار وەردەگرنو بڕوانامەی ئەستێرەیان هەیە، ٢٨٢ هۆتێلو مۆتێلو شوقەو کابینەی گەشتیارییو گوندی گەشتیاریی لەناو شاری سلێمانی بوونی هەیە، لەم ژمارەیە ٦٩ میوانخانەی میللی هەیە، ٥٤ ریستۆرانتی ٥+ ٤ ئەستێرە هەیە، ٧ هۆتێلی ٥ ئەستێرە هەیە.

لەدوو ساڵی رابردووتردا بەهۆی هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، کەرتی گەشتیاریی زیانمەندترین کەرت بوو کە گەورەترین زەبرو زیانی بەرکەوت، بەڵام لەساڵی ٢٠٢٢دا سێکتەری گەستیاریی لەهەرێمی کوردستاندا بوژانەوەو جموجۆڵێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

هاوکات ئەوانەی لەبواری گەشتیاریدا کار دەکەن پێیانوایە هەرچەندە ناوچە گەشتیارییەکان خزمەتگوازرییان بۆ کراوە، بەڵام خزمەتگوزارییەکان وەکو پێوست نیەو زۆری ماوە بگاتە ئاستی خوازراو، بەتایبەتی لەجەند ناوجەیەکی سەرنجڕاکێشو دلڕفێنی سلێمانیدا، بۆ نمونە ئاماژە بەناوچەی هەورامان دەکەن کە سروشتێکی زۆر جوانی هەیە، بەڵام شوێنێکی وای تیا نییە گەشتیاران بەخێزانی بچنو بمێننەوە، لەزۆربەی شوێنە گەشتیارییەکاندا خزمەتگوازری پێویست بوونی نیەو ئەوانەی سەرقاڵی ئەم بوارەن دەڵێن "حەیفە ئەو شوێنە جوانانەی سلیمانی خزمەتگوزاریەکانیان بەو ئەندازەیە لاواز بێت".

# نرخی گواستنەوەی کاڵا لەڕێگەی ئاوییەوە هەرزان دەبێت بەڵام ڕێگەی وشکانی گرانبووە

**ئا: زریان محەمەد**

**نرخی گواستنەوەی کەلوپەلو خۆراکو پێداویستییەکان لەئێستادا هەرزان بووە بەراورد بەکاتی بڵاو بونەوەی کۆرۆنا، بازرگانێکیش دەڵێت "دابەزینی نرخی کرێی گواستنەوە کاریگەری دەبێت لەسەر نرخی کاڵاو خۆراک بۆ هاوڵاتیان".**

بەڕێوەبەری کۆمپانیای بۆ کاری گواستنەوە، کاروان حەکیم بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند نرخی کرێی گواستنەوە بەراورد بەدەستپێکی کۆرۆناو سەردەمی کەرەنتین لەجیهانداو دوای دەستپێکردنەوەو ئاساییبونەوەی ژیان، لەئێستادا بەڕێژەی لە سەدا ٨٠ نرخی گواستنەوە هەرزان بووە، ئەو وتی "نرخی گواستنەوەی باخیرە لەمانگی دەو یانزەدا لەوڵاتی چین هەرزان بوو، حاویەی ٤٠ فوتی گەشتبوە ١٧٠٠ دۆلارو لەسەرەتای مانگی یانزە نرخ گران بۆوە بۆ ٣٠٠٠ هەزار دۆلار، بەڵام چەند هەفتەیەکە دابەزیوە بۆ ٢٢٠٠ دۆلار لەچینەوە بۆ بەندەری ئوم قەسر یان بەندەر عەباس، لەڤێتنامو تایلەندیش بەهەمان نرخەو لەئەمریکای باشور نرخی حاویە گوستنەوەی گران ببوو بۆ ٦٠٠٠ هەزار دۆلار، بەڵام ئێستا نرخەکەی هەرزان بووە بۆ ٤٠٠٠ هەزار دۆلار هەتا مێرسین، بەڵام نرخی گواستنەوە لەناوخۆدا وەک خۆیەتی".

وتیشی "نرخی گواستنەوە لەوڵاتی هندستانەوە بۆ بەندەر عەباس یان ئوم قەسر لەماوەی ڕابردودا بەرزبۆوە هەتا ١٥٠٠ دۆلار، بەڵام لەئێستادا نرخەکەی هەرزانبووەو لەخوار ١٠٠٠ دۆلارەوەیە، دابەزینی ئەم نرخانەش بێگومان کاریگەری هەیە لەسەر هەرزان بونی کاڵاو شتومەک لەبازاڕدا".

بازرگانێک هەرزان بونی نرخی گواستنەوە بەهۆکارێک دەزانێت بۆ دابەزینی نرخی خۆراکو پێداویستیەکانو پێیوایە هەر گۆڕانکاریەک لەکاری بازرگانیدا جیاوازی لەنرخدا دروست دەکات، ئەگەر کرێی هاتوچۆ گران بێت ئەوە نرخیش گران دەبێت، ئەگەر هەرزان بێت ئەوا نرخیش هەرزان دەبێت".

هاوبیر بورهان،خاوەنی کۆمپانیای ئارسان کراون بۆ کاری بازرگانی گشتی لەشاری سلێمانی بەڕۆژنامەی بازرگانیو پشەسازی ڕاگەیاند "کاری بازرگانی بەردەوامی هەیە لەشاری سلێمانیو توانیومانە پەیوەندیەکی بەهێز دروستبکەین لەگەڵ تەواوی کۆمپانیاکانی جیهان هەر لەوڵاتانی دراوسێو وڵاتانی ئەوروپا بۆیە بەردەوام هاوردەکردنی کاڵا خۆراکیەکانمان لەڕێگەی گواستنەوەی وشکانیو ئاوییەوە دەهێنینە کوردستان گرانبونو هەرزانبونی کرێی گواستنەوە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر نرخی خۆراکو کاڵاکان لەئێستادا نرخی گواستنەوەی وشکانی لەوڵاتانی ئەوروپاوە گران بووە

> **گران بوونو هەرزان بوونی کرێی گواستنەوە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر نرخی خۆراکو کاڵاکان**

بەهۆی بەرزبونەوەی نرخی سوتەمەنی پێش دوو مانگ بارمان لەوڵاتانی ئەوروپاوە بە ٤٥٠٠ دۆلار بۆدەهات بەڵام ئێستا گرانبووە بۆ ٦٥٠٠ دۆلار هەندێک جار بەزەحمەت بارهەڵگرمان دەست دەکەویت".

ئاماژەی بەوەش کرد کە گران بوونو هەرزان بوونی کرێی گواستنەوە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر نرخی خۆراکو کاڵاکان.

هاوبیر وتی "لەسەردەمی سەرهەڵدانی کۆرۆناو دەستپێکردنی کەرەنتینە کردن لەجیهاندا نرخی گواستنەوەی کاڵاکان بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو بەرزبۆوە کە ئەوەش کاریگەری تەواوی کرد بووە سەر نرخ، بەڵام خۆشبەختانە لەگەڵ ئاسایی بونەوەی ڕەوشی جیهانو کەمبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا نرخەکانی گواستنەوەش ئاسایی بۆتەوە".

هاوبیر ئاماژەی بەوەش دا نرخی گواستنەوە تاکە هۆکار نەبووە کە نرخ لەناوخۆدا گران بکات، بەڵکو لەئێستادا لەتەواوی ئەوروپادا نرخ گران بووە بەهۆی کەمبونەوەی ماددە سەرەتاییەکانو گران بوونی سوتەمەنیو زیادبونی کرێی دەستی کار، ئەو وتی "ئەم هۆکارانە وا دەکات پێداویستیەکان بەگران بگات بەدەست ئێمەو لەبازاڕیشدا گران دەبێت، بەڵام هەندێک خۆراکو پێداویستیش هەیە نرخەکانی گران نەبووەو لەبازاڕەکاندا دەفرۆشرێت".

وتیشی "دەبێت کار بکرێت بۆ پشتیوانی کردنی بازرگانان لەلایەن حکومەتەوە تا بتوانن کارگە لەناوخۆدا دروست بکەنو ئەو بەرهەمانەی هاوردەی دەکەن لێرە دروست بکرێتو پشت بەتوانای ناوخۆییو بەرهەمە سەرەتاییەکان ببەسترێت بەو مەرجەی حکومەت پشتیوانی تەواو بکات لەوەی گومرگ لەسەر بەرهەمە هاوردە کراوەکان زیاد بکات تا بتواندرێت دەرفەتی کاری زۆر لەناوخۆدا بڕەخسێنینو پارە نەڕواتە دەرەوە".

ئەمە لەکاتێکدایە خاوەن مارکێتو دوکاندارەکان لەگرانی نرخی بەرهەمەکان نیگەرانن، داواش دەکەن هەوڵەکان بۆ پارێزگاری کردن لەنرخو کەمکردنەوەی نرخ بەردەوامی هەبێت.

ئەردەڵان ئەحمەد، خاوەنی مارکێت لەشاری سلێمانی لەمبارەوە وتی "بەردەوام لەدوای کۆرۆناوە نرخی زۆربەی کاڵاکان لەبەرزبونەوەدا بووە، هەندێکیان شوێنی خۆیان گرتووەو هەندێکیشیان نرخەکانیان هەرزان بۆتەوە، بەڵام هاوڵاتیان ئەوەی پێویستیان پێیەتی دەیکڕن، هەندێک شتیشیان کەمکردۆتەوە، لەئێستاشدا بەگشتی بازاڕ لەڕوی نرخەوە جێگیر بووە، چونکە بەرزبونەوەی کاڵاکان جیهانیە بەتەنها لێرە نەبووە".

وتیشی "لەدوای کۆرۆناو کەرەنتیکردن بەشێکی زۆری کارە بازرگانیو پیشەسازیەکان خاو بوونەوەیان بەخۆیانەوە بینی کە ئەوەش بوە هۆی کەمی پێداویستی، لەئێستاشدا تەواوی سێکتەرەکان دەستیان بەکارکردن کردۆتەوە تائێستاش کاریگەریەکانی کۆرۆنا لەسەر کاری بازرگانیو پیشەسازی بەتەواوی بنبڕ نەبووە".


هەرزی باشماخ



# زیاتر لەهەزارو ٥٠٠ کەس لەسلێمانییەوە بۆ سەیری مۆندیال چونەتە قەتەر



مۆندیالی قەتەر یەکەمین خولی مۆندیالی فیفایە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**ئا: زریان محەمەد**

**لەسەرەتای دەستپێکردنی یاریەکانی مۆندیال لەوڵاتی قەتەر، هەوادارانی وەرزش لەشاری سلێمانی خواستیان بۆ سەیرکردنی یاریەکانی مۆندیال هەبووەو لەو ماوەیەدا زیاتر لەهەزارو ٥٠٠ کەس بۆ سەیری یارییەکان چونەتە وڵاتی قەتەر.**

عەتا ئەنوەر خزر، لێپرسراوی کۆمەڵەی کۆمپانیاو نوسینگەکانی گەشتو گوزار لەسلێمانی بۆ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وتی "هەر لەسەرەتای نزیکبونەوە لەمۆندیال خواست لەسەر کڕینی پاکێجەکانی یاریەکان پەیدا بووە لەلایەن وەرزشدۆستانو ئەو کەسانەی خواستی گەشتیان هەیە لەکاتی بۆنەو ڕوداوە مێژویەکاندا بەتایبەت هەر لەسەرەتای مانگی هەشتو نۆو نزیکبونەوە لەیاریەکانی مۆندیال خواست لەسەر پاکێجەکان هەبووە".

وتیشی "سەرجەم کۆمپانیاکانو نوسینگەکانی فرۆکەوانی لەشاری سلێمانی لەمانگی هەشتەوە دەستیانکرد بەفرۆشتنی پاکێجەکان کە هەر پاکێجێک بریتیە لەوەرگرتنی ڤیزاو تکتی فرۆکەی هەردوو سەرو هۆتیل بۆ مانەوەی گەشتیارو گواستنەوەیان لەسەرەتادا نرخی ئەو پاکێجانە بۆ هەر گەشتیارێک هەزارو ٤٥٠ دۆلار بوو، بەڵام لەدوای دەستپێکردنی یارییەکان بەپێی ڕۆژو قۆناغەکانی یاریەکەو زیاد بوونی خواست لەلایەن هاوڵاتیانەوە نرخەکانیش گۆڕان".

لێپرسراوی کۆمەڵەی کۆمپانیاو نوسینگەکانی گەشتو گوزار لەسلێمانی ئاماژە بەوەش دەکات دوای ئەوەی داخوازی زۆرتر لەسەر پاکێجەکان هەبون لەقۆناغی دوهەمی مۆندیالدا نرخی پاکێجەکان گۆڕان، لەهەزارو ٤٥٠ دۆلارەوە نرخەکان بون بەهەزارو ٨٠٠ دۆلار، پاشان بوو بەدوو هەزارو ٤٠٠ دۆلار، ئەو وتی "لەگەڵ نزیکبونەوەی یارییە کۆتاییەکان نرخەکان زیاتر گران بون بەتایبەتی یاری کۆتایی مۆندیال نرخی پاکێجی لەئێستادا گەشتۆتە زیاتر لەشەش هەزار دۆلار".

وتیشی "هاندەرێکی زۆرو گەشتیارانو ئەوانەی خواستی بینینی یاریان هەیە لەشاری سلێمانیەوە سەردانی وڵاتی قەتەریان کردووەو بەپێی ئەو داتایەی کۆمانکردوەتەوە لەشاری سلێمانیەوە تا قۆناغی ١٦ی مۆندیال زیاتر لەدوو هەزار کەس سەردانی وڵاتی قەتەریان کردووە".

لێپرسراوی کۆمەڵەی کۆمپانیاو نوسینگەکانی گەشتو گوزار لەسلێمانی ئەوەش ڕوندەکاتەوە "لەئێستادا کێشەیەک بۆ گەشتیارانی وڵاتانی عێراقو سوریاو یەمەن هەندێک وڵاتی دیکە لەلایەن وڵاتی قەتەرەوە دروستبووە کە پێدانی ڤیزای لەسەریان قورستر کردووەو ماوەیەکی زۆری پێدەچێت تا ڤیزا دەگەڕێتەوە ئەمەش وایکردووە سەردان کردن لەعێراقو کوردستانەوە کەم بێتەوە، بەڵام هەوڵەکان هەر بەردەوامە".



> **لەقۆناغی دوهەمی مۆندیالدا، نرخی پاکێجەکان لەهەزارو ٤٥٠ دۆلارەوە بون بەهەزارو ٨٠٠ دۆلار، پاشان بوو بەدوو هەزارو ٤٠٠ دۆلار، بۆ یاری کۆتایی مۆندیال نرخی پاکێج گەشتۆتە زیاتر لەشەش هەزار دۆلار**

بەپێی قسەی عەتا ئەنوەر، مۆندیال جموجۆڵێکی باشی کارکردنی خستۆتە ناو کۆمپانیاو نوسینگەکانی فرۆکەوانی کە توانیویانە کار لەسەر فرۆشتنی پاکێجی یاریەکان بکەنو دروستبونی کێشەی درەنگ گەڕانەوەی ڤیزای هەڵگرانی پاسپۆرتی عێراقی کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبونەوەی گەشتیارو خاوبونەوەی کاری نوسینگەکان.

ڕێورەسمی مۆندیالی قەتەر لە٢١ / ١١ / ٢٠٢٢دا دەستپێکرد، نزیکەی مانگێک دەخایەنێتو یاری کۆتایی لە ١٨ی مانگی ١٢ی لەیاریگای لوسێل بەڕێوەدەچێت. ئەمە یەکەمین خولی مۆندیالی فیفایە کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو جیهانی عەرەبی بەڕێوە دەچێت.

لەمۆندیالی ٢٠٢٢دا، ٣٠ هەڵبژاردە بەشدارییان کردووە کە پشکی شێر بەر کیشوەری ئەوروپا کەوتووەو تا کۆتایی پاڵەوانێتیەکەش ٦٤ یاری ئەنجامدەدرێن.

# ماموٚستایەکی زانکۆ: لەهەرێمی کوردستان گرنگی بەپیشەسازی خۆراک نەدراوە


لەکوردستان گرنگی تەواو بەپیشەسازی خۆراک نەدراوە

ئا: زریان محەمەد

**ماموٚستای زانکۆ، شۆخان هیدایەت هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لەزانستی خۆراک لەزانکۆی سلێمانی لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" دەربارەی پیشەسازی خۆراک لەهەرێمی کوردستان دەڵێت "کوردستان دەوڵەمەندە بەخۆراکی سەرەتایی، بەڵام حکومەت نە لەڕابردوو نە لەئێستادا گرنگی تەواوی بەپیشەسازی خۆراک نەداوە".**

**بازرگانیو پیشەسازی:** ئایا لەهەرێمی کوردستاندا گرنگی بەپیشەسازی خۆراک دراوە؟
**شۆخان هیدایەت:** لەهەرێمی کوردستان نە لەڕابردوو نە لەئێستادا گرنگی تەواو بەپیشەسازی خۆراک نەدراوە، بەڵام ئەتوانم بڵێم خۆشبەختانە هەنگاو نراوە بۆ بەرەوپێشچوون یاخود بۆ گرنگیدان بەپیشەسازی خۆراک، بەنمونە وەک هەبوونی چەندین کارگەی ناوخۆی خۆراک لەشارە جیاوازەکانی هەرێمدا.

بازرگانیو پیشەسازی: گرنگی پیشەسازی خۆراک لەچیدایە؟
**شۆخان هیدایەت:** گرنگی پیشەسازی خۆراک بەرزڕاگرتنی بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەرێمەکەمان بەرەو پێشەوە ببات، چونکە هەرێمی کوردستان چۆن دەوڵەمەندە بەنەوتو بەروبومەکانی ئاواش دەوڵەمەندە لەخۆراکی سەرەتایی وەک گەنمو دانەوێڵەکان، بۆیە ئەتوانین بەگرنگیدان بەپیشەسازی خۆراک شان بەشانی وڵاتە پێشکەوتوەکان تەنها بە بەروبومی ناوخۆیی پێداویستەیەکانمان دابین بکەین. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ کات لەژێر مەترسیدا نەبینو داهاتی خۆمان هەبێت.

**بازرگانیو پیشەسازی:** چۆن بتواندرێت چاودێری خۆراک بکرێت بەتایبەت ئەو خۆراکانەی هاوردە دەکرێن؟
**شۆخان هیدایەت:** پێویستە سیستەمی سەلامەتی خۆراکی Quality Control لە هەرێمی کوردستان پتەو بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێ کۆنترۆڵی سەلامەتیو تەندروستی خۆراک بکرێت هەم لەناوخۆی هەرێم هەم بۆ خواردنی هاوردەکراو، ئەویش بەخستەنکاری ستافی شارەزاو دامەزراندنو کارپێکردنی دەرچوانی بەشە تایبەتمەندیەکان بەخۆراک، هەروەها ئامێری باش بۆ پشکنینی خۆراکو لێکۆڵینەوە لێی.

**بازرگانیو پیشەسازی:** تاچەند کوردستان لە بارە بۆ دانانی پیشەسازی خۆراکی؟
**شۆخان هیدایەت:** کەشوهەواو سروستی کوردستان زۆر زۆر لەبارە بۆ دانانی پیشەسازی خۆراک لەبەرئەوەی وەک ئامارژەم پێدا هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بەدانەوێڵە. بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتداران هاندانی وەک پێویستیان نیە بۆ بەرەو پێشچونی پیشەسازی خۆراک.

> گرنگی پیشەسازی خۆراک بەرزڕاگرتنی بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەرێمەکەمان بەرەو پێشەوە ببات

**بازرگانیو پیشەسازی:** گرنگترین ئەو ڕێگریانەی لەبەردەم کەرتی پیشەسازی خۆراک هەن چین؟
**شۆخان هیدایەت:** ڕێگرییەکانی بەردەم پیشەسازی خۆراک نەبوونی کارئاسانی تەواوە لەلایەن کاربەدەستانو دەسترۆشتوانی هەرێمەوە. هەروەها نەپاراستنی مافی خاوەن کارو بەکارهێنەری بەروبومە خۆراکیەکان. سەرەرای ئەوەش زۆربوونی باجو دەرامەتی ساڵانەی لەسەر ئەو کەسانەی کە خاوەن کارگەی خۆراکین.



**بازرگانیو پیشەسازی:** پێشنیارتان چییە بۆ هاندانی بازرگانانو خاوەنکاران بۆ دەستپێکردنی پیشەسازی خۆراک؟
**شۆخان هیدایەت:** تەنها پێشنیار بۆ بازرگانانو خاوەنکارانی بۆ دەستپێکردن یان بەردەوامی لەپیشەسازی خۆراکدا ئەوەیە کە ناوخۆو میللەتی خۆیان بەگرنگتر بزانن هەتا خەڵکانی تر، ڕاستە ئاڵنگارییەکان زۆرن، بەڵام بەردەوامی لەسەر کارەکەیان یان دەستپێکردن بەبازرگانی پیشەسازی خۆراکو پێکەوە بین دەتوانین زاڵ بین بەسەر گرفتەکانو زیاتر وڵاتمان بەرەوپێشەوە ببەین.

**بازرگانیو پیشەسازی:** لەناوخۆدا پێداویستییەکانمان هەیە بۆ دەستپێکردن بەپیشەسازی خۆراک؟
**شۆخان هیدایەت:** بەڵێ مادەی سەرەتایی باشمان هەیە بۆ دەستپێکی پیشەسازی خۆراک، بەلام پێویستمان بەدەستگیرۆیی هەیە بۆ ئەوەی پیشەسازی خۆراکمان بەرەوپێشەوە ببەین، بەنمونە پێدانی زەوی یاخود قەرز بەبازرگانانو خاوەنکاران هاندانێکی باشە. لەئێستادا هەرێمی کوردستان کاردەکات بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی بەرهەمی ناوخۆو پشتیوانیکردن لەکەرتی پیشەسازی خۆراک، بەڵام هەوڵەکان وەک پێویست نینو خاوەن کارگەکان نیگەرانن لەوەی پشتیوانیان ناکرێت لەلایەن حکومەتەوە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان.



# سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین: ژمارەیەکی زۆر کارگە لەسنورەکەمان دامەزراون

ئا: زریان محەمەد

**هیوا قەرەنی، سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" دەڵێت "لەسنورەکەیاندا کەرتی کشتوکاڵی گرنگی باشی پێدراوەو لەڕوی پیشەسازیەوە چەندین کارگەی گەورەیان هەیە کە توانای هەناردەکردنیان هەیە".**

**بازرگانیو پیشەسازی:** سنوری کارگێڕی ئیدارە ڕاپەڕین کوێ دەگرێتەوە؟
**هیوا قەرەنی:** سنوری کارگێڕی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین هەر سێ قەزای ڕانیەو پشدەرو حاجیاوا دەگرێتەوە کە ئەوانیش بریتین لەهەشت ناحیە، بریتین لەچوارقوڕنەو سەرکەپکانو بێتواتەو سەنگەسەرو ژاراوەو هێرۆو هەڵشۆو ئیسێوە.

**بازرگانیو پیشەسازی:** جوڵەی بازرگانی لە مەرزی کێلێ لە چ ئاستێکدایە؟
**هیوا قەرەنی:** جوڵەی بازرگانی لەکێلێ بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکی مامناوەندایەو بەردەوام جوڵەی بازرگانی هەیە بەو پێیەی ڕێگەیەکی نزیکە بۆ بازرگانان بۆ هێنانی کەلوپەلەکانیان بۆ ناوخۆی کوردستان، لەدوای سەردانی شاندی ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوای کۆماری ئیسلامی ئێران هەردوولا ڕێککەوتن بازرگانی پەرەی زیاتری پێبدرێتو بکرێت بەدوو شەفت.

**بازرگانیو پیشەسازی:** هیچ کارێکتان کردووە بۆ بەنێودەوڵەتی بوونی ئەم دەروازەیە؟
**هیوا قەرەنی:** بەدڵنیایی هەوڵێکی زۆرمان داوە بۆ بە نێودەوڵەتی کردنی دەروازەی کێلێ، بۆ ئەو مەبەستە چەندین سەردانمان ئەنجام داوە بۆ لای سەرۆک کۆماری پێشووی عێراقو هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانو سەردانی وڵاتی ئێرانیشمان کردووە بۆ هەمان مەبەست.

**بازرگانیو پیشەسازی:** هاوڵاتیان دەتوانن لەم دەروازەیەوە هاتوچۆ بکەن لەنێوان هەرێمو کۆماری ئیسلامی ئێراندا؟
**هیوا قەرەنی:** لەئێستادا هاوڵاتیان ناتوانن لەڕێگەی پاسپۆرتەوە هاتوچۆ بکەن، بەڵام لەهەوڵەکانمان بەردەوامین ئومێد دەکەین لەزوترین کاتدا بەڕووی هاوڵاتیاندا بکرێتەوە.

**بازرگانیو پیشەسازی:** لەڕووی گەشتیارییەوە ئیدارە ڕاپەڕین چۆنە؟
**هیوا قەرەنی:** بەگشتی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین خاوەنی چەندین شوێنی سروشتی گەشتیارییە کە بەردەوام لەهەموو ناوچەکانی کوردستان سەردانی دەکرێتو جوڵەیەکی گەشتیاری باش لەسنورەکەدا هەیە، بەڵام لەڕووی پرۆژەی گەشتیارییەوە تا ئێستا هیچ پرۆژەیەکی گەشتیاری لێنیە، بەڵام ئێمە هانی وەبەرهێنەران دەدەین کە بێن لەسنورەکە وەبەرهێنانی گەشتیاری ئەنجام بدەنو ببنە مایەی خزمەتکردنی زیاتری کەرتی گەشتیاری.

**بازرگانیو پیشەسازی:** چی کراوە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی وەبەرهێنان لەبواری گەشتیاریدا لەناوچەکەتاندا؟
**هیوا قەرەنی:** لەئێستادا بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی ڕاپەڕین کراوەتەوەو کار لەسەر هەموو سێکتەرەکانی وەبەرهێنان دەکرێت، لەو چوارچێوەیەدا پرۆژەی وەبەرهێنان لەبواری گەشتیاری لەبەرنامەی کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە هەیەو ئێمەش لەئیدارەی ڕاپەڕین هەموو پشتیوانیەکی خۆمان بۆ دووپات کردۆتەوە، ئومێدمان وایە کە وەبەرهێنەران بێنە پێشەوە بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەکانیانو ئێمەش ئەوەی لەتوانانماندا بێت بەپێی یاسا کارئاسانی تەواویان بۆ دەکەین.

> سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین خاوەنی هەردوو دەشتی بیتوێنو پشدەرە خاوەنی زەویەکی کشتوکاڵی زۆر باشەو ساڵانە بەسەدان تەن بەرهەمی کشتوکاڵی هەناردەی بازارەکانی هەرێمی کوردستان دەکات

**بازرگانیو پیشەسازی:** لەڕووی پیشەسازییەوە ئیدارەی ڕاپەڕین چۆنەو بە چ کانزاو سەرچاوەی سروشتی دەوڵەمەندە؟
**هیوا قەرەنی:** لەڕووی کانزاییەوە سنورێکی دەوڵەمەندە بەچەندین مادەی کانزاییو سەرچاوەی سروشتی کە بۆ نمونە ئێستا بەهۆی بوونی زێی بچووک بەشێک لەو چەوو لمەی بەرهەم دەهێندرێت، لێرەوە بۆ شوێنەکانی تری کوردستان دەچێت، هەروەها پێشووتر گەورە کۆمپانیاکان هاتوون بۆ پشکنینی نەوت لەسنورەکە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانرا بەردەوام بن، بەشێوەیەکی گشتی سنورەکەمان سنورێکی زۆر دەوڵەمەندە بەمادەی کانزایی جۆراوجۆر.

**بازرگانیو پیشەسازی:** چەند کارگە لەسنووری ئیدارە ڕاپەڕیندا هەیە؟ گرنگترینیان کارگەی چییە؟
**هیوا قەرەنی:** ژمارەیەکی زۆر کارگە لەسنورەکەمان دامەزراونو کار دەکەن کە پێداویستی بۆ تەواوی کوردستان دابین دەکەن، لەوانەش کارگەی دروستکردنی دەرگاو کارگەی شامپۆو پاککەرەوەکانو کارگەی بلۆکو ...هتد.

**بازرگانیو پیشەسازی:** لەڕووی کشتوکاڵیەوە لە چ ئاستێکدایە؟ ئەگەر زانیاریتان هەبێت لەسەر ڕێژەی خانووی پلاستیکیو کێڵگەی پەلەوەریو هەنگەوانیو سامانی ماسی لەسنووری ئیدارەکەتاندا؟
**هیوا قەرەنی:** لەڕووی کشتوکاڵیەوە بەو پێیەی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین خاوەنی هەردوو دەشتی بیتوێنو پشدەرە خاوەنی زەویەکی کشتوکاڵی زۆر باشەو ساڵانە بەسەدان تەن بەرهەمی کشتوکاڵی هەناردەی بازارەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

**بازرگانیو پیشەسازی:** پەیوەندیتان لەگەڵ ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیدا چۆنە؟
**هیوا قەرەنی:** بەو پێیەی سەرجەم بازرگانانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین ئەندامن لەژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی، وەک دەستەی بەڕێوەبەری ژورەکە سەردانمان کردونو داوای پشتیوانیو هەماهەنگی زیاتر لەنێوانماندا هەبێت، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەبووە، ئێمە ئومێد دەکەین هەماهەنگی زیاتر هەبێت لەنێوان ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕینو ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی، هەروەها ژووری بازرگانیو پیشەسازی تەنها خۆی بەمولکی سنوری جوگرافی سلێمانی نەزانێ، خۆی بەموڵکی ئیدارەی ڕاپەڕینو شوێنەکانی تریش بزانێ کە بەشێکن لەژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو پەیوەندی لەگەڵیان هەبێت، ئومێد دەکەین بەهەماهەنگی هەردوولامان پەیوەندیەکی باشتر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەموو لایەک دروست بکرێت یاخود هاوشێوەی پارێزگای هەڵەبجە ژووری بازرگانیو پیشەسازی ڕاپەڕینیش دروست بکرێت لەپێناو بەرەو پێشبردنی بواری بازرگانی لەسنورەکە. دەڤەری ڕاپەڕین ناوچەیەکی گرنگە لەبواری کشتوکاڵیو گەشتو گوزار بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆر زەوی بەپیت، کە خۆی لەهەردوو دەشتی بیتوێنو پشدەر دەبینێتەوەو هەڵکەوتەی سنورەکەشی زۆر گونجاوە بۆ گەشتو گوزار، بۆیە بۆ زیادکردنی داهاتو هەلی کار لەسنورەکەمان دەتوانرێت لەهەردوو بواردا وەبەرهێنان بکرێتو ببێتە هۆکاری بەرەو پێشبردنی زیاتری سنورەکەمان.


ئیدارەی ڕاپەڕین هەر سێ قەزای ڕانیەو پشدەرو حاجیاوا دەگرێتەوە

# کارەساتی شۆڤاژ: کەرەسەی کوالێتی نزمو وەستای ناشارەزا

## مامۆستایەکی زانکۆ: مەترسی بتڵی غازی ماڵان لەداهاتوودا زیاد دەکات

ئا: ڕێژەن سەردار

**مانگی رابـــردوو، لەگەڕەکی کازیوەی سلێمانی بەهۆی تەقینەوەی گازی LPG خانوییەک لەســـلێمانی تەقییەوە، بەو هۆیەوە ١٥ کەس گیانیان لەدەســـتداو ١٢ کەســـی دیکەیـــش بریـــندار بون، مامۆستایەکی زانکۆ دەڵێت " کەرەسەی کوالێتی نزمو وەستای ناشارەزا مایەی کارەســـات دەبن بۆ سیســـتەمی غازی شۆڤاژ".**

بارزان ئەکرەم، ئەندازیاری میکانیکو مامۆســـتای کۆلیژی ئەندازیاری بەشی میکانیـــک لەزانکـــۆی پۆلەتەکنیـــک، بەڕۆژنامـــەی "بازرگانیو پیشەســـازی" راگەیاند "لەئێستادا بەهۆی گەشەکردنی تەکنەلۆژیـــاوە دانانی شـــۆڤاژ گرنگو پێویســـتە، بەڵام کێشـــەی ســـەرەکی لەهەرێمـــی کوردســـتان ئەوەیـــە ئەو کەســـانەی کە شـــۆڤاژ دائەنێـــنو ئەو کەسانەشـــی کارگـــەی دروســـتکردنی تەنکی شـــۆڤاژیان هەیە نازانرێت تاکو چەند شارەزان لەکارەکانیانو بەگوێرەی ســـتاندارە جیهانییـــەکان کار دەکـــەن یاخود نا، لەئێســـتادا لەسەدا ٩٠ی ئەو کەسانەی ســـەرقاڵی دانانی سیستمی شـــۆڤاژن بڕوانامەیان نیە لەم بوارەداو هەموویـــان دەڵێـــن ئێمە شـــارەزاین، زۆربەیان لـــەدەرەوەی کوردســـتانەوە هاتـــون، بـــەڵام دوای تەقینەوەکـــەی گەڕەکی کازیوە خەڵک وریاترانە مامەلە دەکەن لەم بوارەدا".

ئـــەم مامۆســـتایەی زانکـــۆ وتـــی "کێشـــەیەکی تر لـــەم بابەتەدا، خراپی کوالێتی کەرەســـەو مادەکانە، بەشێک لەکۆمپانیـــاکان دەڵێن بەرهەمەکانمان ئیتاڵییـــە، بـــەڵام لەتورکیـــا یان چین دروست دەکرێت، لەهەرێمی کوردستان چەندیـــن شـــوێن هەیە بۆ پشـــکنینی کوالێتی کەرەســـەکانی شۆڤاژ، لەشاری سلیمانی کۆلیژی تەکنیکی هەیە کە من خۆم سەرپەرشتی دەکەم، تاکو ئێستا یەک دانە لەو کەرەسەو مادانە پشکنینی بۆ نەکراوە، نازانرێت کوالێتی چۆنە".

وتیشی "سەیرم لەوە دێت چۆن بەرگری شارســـتانیو قائیمقامیەتی ســـلێمانی رێگەیان داوە ئـــەو مادانە لەبازاڕەکاندا بێ پشکنینو دڵنیابوون لەکوالێتیەکەی بفرۆشرێت؟! لەشاری سلێمانی کارگەی دروســـتکردنی تەنکی شۆڤاژ هەیە، من بەدواداچونـــم بۆ کـــردوە لەحیم کردنی تەنکیەکان لەگەڵ ستاندارە جیهانییەکان ناگونجێت، کەسانی ئاســـاییان هێناوە وەک دەرگاو پەنجـــەرە لەحیمیـــان بۆ دەکات، لەکاتێکدا لەحیم کردنی تەنکی شۆڤاژ پێوەرو ستانداردی تایبەتی خۆی هەیە".

لەبـــارەی چەرەســـەرکردنی ئـــەم کێشـــەیەوە، بـــارزان ئەکـــرەم وتـــی "چارەســـەرکردنی ئەم کێشـــەیە تەنها بەوە دەبێت کـــە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کوالێتی کۆنترۆڵو بەرگری شارســـتانی بەهاوکاری لەگەڵ زانکـــۆکان کە ئێمە لەزانکۆکان لەشکرێک ئەندازیاری بەتواناو شـــارەزامان هەیە، پێکەوە کار بکەن، ئامادەین بێبەرامبەر لەلیژنەکاندا بەشدار بین، بابەتەکە چونکە گیانی مرۆڤەکانە زۆر لەپـــارە گرنگترە، لەئێســـتادا ئەو کەسەی کە پشکنین دەکات لەلیژنەکانی کوالێتی کۆنترۆڵ دەرچووی ئامادەیی بازرگانییـــە، هیچ شـــارەزاییەکی نیە، داواکارین کەســـانی پســـپۆڕو شارەزا دابنرێت، ئێمە دوو کارگەری گەورەمان هەیـــە لەگـــەڵ ٤٠ کۆمپانیـــاو دوکانو شـــوێنی پەیوەندیدار بـــەم بابەتەوە، داواکارم پرۆسەی پشـــکنینی کوالێتی بەزانکۆ بســـپێرن، ئێمە بـــێ بەرامبەر ئامادەین کار بکەین، خۆبەخشانە، هەر تەنکیەک من پشکنینی بۆ بکەم مۆری لێبـــدەم گرەنتی دەکەم تاکو ٥ ســـاڵ هیچ ڕونەدات، شـــەش ساڵ لەمەوپێش بەرهەمی چەنـــد کارگەیەکـــی غازیان هێنـــا بۆ ئێمە پشـــکنینمان بۆ کردنو رێنمایمان دا بەلیژنەکانی قائیمقامیەت، بەڵام زۆربەی ئەو بەرهەمانەی ئێســـتا لەبازاڕدا هەن لەکوالێتی دەرناچێت".

وتیشـــی "ئـــەو تانکیانـــەی لەبازاڕدا هـــەن کۆنەی وڵاتانە بۆیـــاخ دەکرێتو لەزگەیەکـــی لێئەدرێـــتو دەنردرێـــت بۆ ئێـــرە، لەئەوروپا هەمـــوو کاڵایەک کاتژمێریی کاری دیاری کراوی هەیە، کە تەواو بوو دەبێت بگۆڕێت، بەشێک لەو تەنکیانە کە دەگۆڕدرێت دێتە ئێرە".

ئەم مامۆستایەی زانکۆی پۆلەتەکنیک جەخت لـــەوەش دەکات ئێســـتا جگە لەسیستەمی شۆڤاژەکە، مەترسییەکی دیکەی پەیوەست بەغاز لەسەر زۆربەی ماڵـــەکان هەیـــە، ئەویـــش دوو ملیۆن بتڵی غـــازە لەماڵەکاندا، کە بەشـــێک لەو غازانە بەقاچـــاغ لەئێرانەوە دێتو هیـــچ پشـــکنینێکی بۆ ناکرێـــت، ئەو وتـــی "کارگەکانی غـــازی ماڵان دەبێت بەمواســـەفاتی ١٢٦٤ عێراقـــی لەگەڵ مواسافەتی ٥٠-٤٥ بەریتانی کار بکەن، بەڵام لەســـەدا ٦٠ی ئەو مواســـەفاتە جێبەجێ دەکرێت لەئێســـتادا، زۆر شت هەیە لێی نازاننو کەسیش پرس ناکات، مەترســـی بتڵی غازی ماڵان لەداهاتوودا زیـــاد دەکات، هۆکارەکەشـــی بـــۆ هاوردەکردنی کاڵای خراپ و نەشارەزایی کارگەکانـــی ناوخۆیە، هەزارو ٢٠٠ بتڵی گاز دروست کرابوو کورەی بۆ نەکرابوو، دانەیەک پشـــکنینی بۆ کرا دەرنەچوو، قائیمقامیەت بە خاوەن کارگەکەی وت: باشـــە لەمەودوا هەوڵبـــدەن کورەی بۆ دروســـت بکەن!!- بەڕاستی کارەساتە شتیکی وا ڕوبدات بەتەنها سەرزەنشتێکی خـــاوەن کارگەکە بکرێت، لەبری ئەوەی بەرهەمەکەی لەبازاڕدا کـــۆ بکرێتەوەو چـــاک بکرێت، ئەو ســـەمامەی بەبتڵی غازی کوردســـتانەوە هەیە ســـەمامەی عادینو لەئێران دروست دەکرێت".

وتیشـــی "تاکـــە چارەســـەر ئەوەیە نوێنـــەری زانکـــۆ بخرێتـــە لیژنەکانی قائیمقامیـــەتو کوالێتـــی کۆنترۆڵەوە پشـــکنین بۆ بەرهەمەکان بکرێت، ئەو کاڵایانـــەی زۆر خراپن، ڕێوشـــوێنیان بەرامبەر بگیرێتەبەر، تاکو کەس بوێری ئەوەی نەبێت شتی خراپ بفرۆشرێت".

> ”
> **کێشەی سەرەکی لەهەرێمی کوردستان ئەوەیە ئەو کەسانەی کە شۆڤاژ دائەنێنو ئەو کەسانەشی کارگەی دروستکردنی تەنکی شۆڤاژیان هەیە نازانرێت تاکو چەند شارەزان لەکارەکانیانو بەگوێرەی ستانداره جیهانییەکان کار دەکەن**



پێویستە سیستمی غاز لەلایەن کۆمپانیا رێگەپێدراوەکانەوە دابنرێن بۆ ماڵان نەک کەسانی بێ مۆڵەت






# خاوەنی کۆمپانیایەکی شۆڤاژ: بەداخەوە لەهەرێمی کوردستان سیستەمی غاز بووە بەفۆبیا



ئا: ڕێژەن سەردار

**کاروان بـــەرزان خەفـــاف خاوەنـــی کۆمپانیای ئۆ پی غـــاز رایدەگەیەنێت "هـــۆکاری ســـەرەکی تەقینەوەی شـــۆڤاژ دەگەڕێتەوە بـــۆ بەکارهێنانی کەرەستەی خراپو کوالێتی نزم لەگەڵ بەستنی سیستەمەکە لەلایەن وەستای نەشارەزاوە".**

کاروان بـــەرزان خەفـــاف، خاوەنی کۆمپانیـــای ئۆ پی غـــاز بەڕۆژنامەی "بازرگانـــیو پیشەســـازی" ڕاگەیانـــد ســـنورەکانی هەرێمـــی کوردســـتان کراوەیە بۆ هاوردەکردنی هەموو جۆرە کوالێتییەکی کەرەســـەی شۆڤاژ، بۆیە زۆر جار کەرەســـەی ساختەو کوالێتی نزمو خراپ دەهێنرێتە کوردســـتانەوەو کارەســـاتی لێدەکەوێتـــەوە، ئەو وتی "ناتوانم بڵێم سەرجەم ئەو کەرەستانەی شـــۆڤاژ کـــە لەبازاڕەکانـــی هەرێمی کوردســـتاندان باشو کوالێتی بەرزە، بەڵام مەترســـییەکە زیاتر بەکارهێنانی کەرەســـەکانە بەهەڵەو ناشـــارەزایی دروستی دەکات نەک نزمی کوالێتی، بۆ نمونە هەندێک وەستا بۆری پلاستیکی بەکاردەهێنن بۆ گواستنەوەی غازەکە، یاخود ئەو قفڵو جۆینو کەرەســـانەی تر کە لەکاتی بەســـتنی سیســـتەمی شـــۆڤاژەکە بەکاریدەهێنن تایبەت نیە بەغاز، ئەمە کێشـــە دروســـت دەکات بەپلەی یەکەم، بـــە پلەی دووهەمیش نزمی کوالێتی مادەکە کێشـــە دروست دەکات".

وتیشی "ئێمە ئاگادارین کەرەسە هەیە لەبازاڕەکانی کوردســـتان لەوڵاتی چین دروســـت دەکرێت، بەڵام لێی نوسراوە دروســـتکراوی ئیتاڵیـــا، هاوڵاتییەک شارەزا نەبێت لەم بوارە توش دەبێتو دەخەڵەتێنرێت، لەبەغدا رێگایەکی زۆر دروســـتو باش گیراوەتەبەر بۆ رێگری کردن لە کێشـــەکانی سیستەمی غاز، لەبەغدا پێش بەســـتنی سیســـتەمی غازەکە، دەبێت ســـامپڵی ســـەرجەم کەرەســـەکان ببرێت بۆ بەڕێوبەرایەتی کوالێتی کۆنترۆڵ یان وەزارەتی نەوتو غـــاز لەوێ پشـــکنینی بـــۆ دەکرێت، ئەگـــەر دەرچوو ئینجـــا رێگە دەدرێت بەکاربهێنرێت، بەڵام لێـــرە بەداخەوە ئەو رێکارانە نیە".

خاوەنی کۆمپانیای ئۆ پی غاز ئاماژە بەوە دەکات لەشـــاری ســـلێمانی ئەو شوێنانەی کەرەســـتەکانی سیستەمی شۆڤاژ دەفرۆشن لە ١٥ شوێن زیاتر نین و هەموویان ناسراون، ئەو وتی "ئەوەی کێشـــەکەی دروســـتکردوە، سەرجەم ئەو شـــوێنانەی تەقینەوەو کارەسات تیادا رووئەدەن، سیستەمەکە لەلایەن کەسانی نەشـــارەزاوە بەستراون، تاکو ئێستا هیچ شوێنێک کە سیستەمەکەی لەلایەن کۆمپانیا ناسراوەکانەوە بەسترا بێت توشی کێشـــە نەبووە، کەسانێک نەشارەزان دەســـتکاری سیستەمەکە دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی لەدەرەوەی هەرێمی کوردســـتانەوە دێـــن تیاندایە لەحیمچییـــە لەخۆیـــەوە دەســـتکاری سیســـتەمی غـــاز دەکات، مـــەرج نیە ئـــەوەی لەحیمچی بوو ئیتـــر بتوانێت هەموو ئیشێک بکات، ئەوان مەرجەکانی سەلامەتی نازانن".

وتیشـــی "مەرجـــی کارکـــردن وەک وەســـتای شـــۆڤاژ لای کۆمپانیاکانی ئێمـــە ئەوەیە دەبێـــت تاقیکردنەوەی لەحیمی (سی پی جی) پێبکرێت، زۆر شـــارەزا بن لەجۆرەکانی لەحیم کردن، دەبێت لەژێـــر چاودێـــری ئەندازیاری غاز کار بکەن، شـــتێک نیـــە بەناوی ئەندازیاری غاز یان بەشی تەکنینی غاز لەزانکۆکان، ئەو کەسانەی کە شارەزان، خولـــی راهێنانیان لـــەدەرەوەی وڵات بینیوە، یان لەژێـــر کۆمەڵک رێنمایی کار دەکـــەن، کە لەلایـــەن وەزارەتەوە دەرچووە، مـــن خۆم لەوڵاتی بەریتانیا بۆ ماوەی دوو ســـاڵ ئەندازیاری غازم خوێندووەو بۆ ماوەی یەک ســـاڵ لەژێر سەرپەرشتی ئەندازیاری شارەزادا بووم ئینجا رێگەم پێدرا خۆم بەسەربەخۆیی کاری سیستەمی گاز بکەم لەبەریتانیا، بەڵام لێرە کارەکان ئاسانە".

ســـەبارەت بەوەی دوای تەقینەوەی ئەو سیســـتەمی غازەی لەماڵێکی ناو شاری سلیمانی رویدا، ئیشو کارەکانی تایبەت بەشۆڤاژ پاشەکشەی نەکردووە، کاروان بـــەرزان خەفـــاف، خاوەنـــی کۆمپانیای ئۆ پی غاز وتی "بەداخەوە راگەیانـــدنو فەرمانگـــە حکومیەکان دوای تەقینەوەکـــەی گەڕەکی کازیوە لەســـلێمانی هاوڵاتیانیان زۆر ترساند، بێگومـــان لەهەموو وڵاتانی جیهان لەم بوارەدا کێشـــە رووئـــەدات، تەنانەت لەوڵاتە زۆر پێشـــکەوتوەکانیش، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەو کارەساتە ببێتە وانەیەک کـــە کەموکوڕییـــەکان چاک بکرێت، بـــەڵام بەداخـــەوە لەهەرێمی کوردستان سیستەمی غاز بووە بەفۆبیا، ئێمە لەساڵی ٢٠١٤وە کار دەکەین هیچ کارەساتێک رووی نەداوە، ئەوەی ئێستا رووئەدات بەهۆی کارکردنی کەســـانی نەشـــارەزاوەیە کە هاتون لەم بوارەدا کار دەکـــەن بەنرخێکی هەرزان، بۆیە ئەم بارودۆخە چاوەڕوانکراو بوو".

وتیشی "من لەســـاڵی ٢٠٠٢ لەوڵاتی بەریتانیـــا دەســـتم کـــرد بەکارکردن لەسیســـتەمی غاز تاکو ســـاڵی ٢٠١٤ هاتمەوە کوردستان، کۆمپانیاکە ساڵێک پێـــش من لەم بـــوارەدا کاری دەکرد، کرێمانەوەو تا ئێستا بێ کێشە کارمان کردووەو ســـاڵانە چێکی ئەو سیستەمە غازانـــە دەکەینـــەوە کە کارمـــان تیا کردون، تا بزانین تووشـــی هەڵکشانو داکشان نەبوون بەهۆی تێپەڕینی کاتو گەرماو سەرماوە، بۆیە پێشنیاز دەکەم هاوڵاتیان کار لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە بکەن کە مۆڵەتی فەرمیان هەیە، تاکو ئەگەر هەڵەیەکیش کرا بدۆزرێتەوەو سزا بدرێت، بەڵام وەســـتایەکی ماتۆرسوار ناتوانرێـــت بدۆزرێتەوە، دووهەم شـــت پێویســـتە ســـاڵانە چێکو پشکنین بۆ سیستەمەکە بکرێت لەلایەن وەستایەکی شارەزاوە".

# بتکۆین و دراوە ئەلکترۆنییەکان بۆچی هاڕەیان کرد؟

## گفتوگۆ لەگەڵ بازرگانێکی دراوە ئەلکترۆنییەکان



هەبووە لەسلێمانی سەرمایەکەی ١٠ هەزار دۆلار بووەو زیانی کردووەو سەرمایەکەی بووە بە ١٠٠ دۆلار

**ئا: ڕێژەن سەردار**

**سەنگەر فایەق، بازرگانی دراوە ئەلکترۆنییەکان لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "بازرگانی و پیشەسازی" دەڵێت "هەبووە لەسلێمانی سەرمایەکەی ١٠ هەزار دۆلار بووە لەدراوە ئەلکترۆنییەکانداو زیانی کردووەو سەرمایەکەی بووە بە ١٠٠ دۆلار ".**

**بازرگانی و پیشەسازی:** لەماوەی ڕابردودا نرخی بتکۆین و کۆی دراوە ئەلکتۆنییەکان دابەزینێکی گەورەیان بەخۆوە بینی، کە چاودێران بەجەڵتەی دراوە ئەلکتۆنییەکانی ناودەبەن، هۆکاری ئەم دابەزین و داڕوخانە چی بوون؟

**سەنگەر فایەق:** لەئێستا نرخی دراوە ئەلکترۆنییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیون، بۆ نمونە نرخی بیتکۆین لە ٦٠ هەزار دۆلارەوە دابەزیوە بۆ ١٥ تا ٢٠ هەزار دۆلار، دوو هۆکاری سەرەکی هەن بۆ دابەزینی بەهای بێتکۆین و دراوە ئەلکترۆنییەکان بەم شێوەیە: یەکەم هۆکار، بریتییە لەجەنگی نێوان ڕوسیاو ئۆکرانیا. دووەم هۆکار، بریتییە لەبەرزبونەوەی نرخی نەوت و هەڵئاوسان لەبازاڕەکانی جیهان، ڕێژەی هەڵئاوسان لەئەمریکا بەگوێرەی توێژینەوەکانی بانکی فیدراڵی دەبێت لەسەدا دوو بێت، بەڵام لەئێستادا گەیشتۆتە لەسەدا هەشت، لەوڵاتانی ئەوروپاش بەهەمان شێوە، بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی هەڵئاوسان ناچارن سودی بانکی زیاد بکەن، کە ڕێژەی سودی بانکی زیاد بکرێت نرخی دۆلار بەرز دەبێتەوە، کە نرخی دۆلاریش بەرزبێتەوە هەموو دراوەکانی تر تەنانەت پشکی کۆپانیاکانیش لەبۆرسەکانی جیهان دادەبەزێت. دابەزینی بەهای دراوە ئەلکترۆنیەکان بەهۆی ئەم دوو هۆکارەوەیە، ئەگینا ڕۆژ بەڕۆژ هاوڵاتی و کۆمپانیای زیاتر ڕوو لەبەکارهێنانی دراوە ئەلکترۆنیەکان دەکەن، متمانەی هاوڵاتیان بەدراوە ئەلکترۆنیەکان لەوپەڕی بەرزیدایە.

**بازرگانی و پیشەسازی:** پاش ئەم دابەزینە ئایا ڕێژەی مامەڵەکردن بەدراوە ئەلکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستان کەمی کردوە یاخود بەپێچەوانەوە؟

**سەنگەر فایەق:** دەکرێت بڵێین ڕێژەکە لەقەبارەی پارەکاندا کەمی کردوە، ئەگینا ڕێژەی بەشداری کردنی خەڵک بەردەوام لەزیادبوندایە، لەکاتی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناو کەرەنتینە کردن، ڕێژەی بەشداری کردن و بەکارهێنانی دراوە ئەلکترۆنیکان لەهەرێمی کوردستان زۆر زیادی کردوە، بەڵام بڕی پارەکە کەمی کردوە، واتا بەپارەیەکی کەمتر بەشدار دەبن، کۆمپانیای مێتا کە خاوەنداریەتی فەیسبوک دەکات لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری گەمین و تەکنەلۆژیا، هاوکارن بۆ ئەوەی بەکارهێنانی دراوە ئەلکترۆنییەکان زیاد بکات، چەندین وڵات لەسەر ئاستی جیهان بیر لەوە دەکەنەوە دراوی ئەلکترۆنی تایبەت بەخۆیان هەبێت، بۆ نمونە ژاپۆن و سویدو ئەمریکاو ڕوسیا، دەیانەوێت ڕاستەوخۆ بێنە ناو ئەم بوارەوەو بەیاسا ڕێکیبخەنەوە تاکو سنورێک بۆ ئەو کارە نایاساییانە دابنێن کە دەکرێت بەدراوە ئەلکترۆنیەکان ئەنجام بدرێت.

> **لەئێستا نرخی دراوە ئەلکترۆنییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیون، بۆ نمونە نرخی بیتکۆین لە ٦٠ هەزار دۆلارەوە دابەزیوە بۆ ١٥ تا ٢٠ هەزار دۆلار**

**بازرگانی و پیشەسازی:** ئێستا لەسلێمانی ڕێژەی فرۆشتنی دراوە ئەلکترۆنیەکان زیاترە یاخود کڕینی؟

**سەنگەر فایەق:** لەم بابەتەدا ئامارێکی دروست لەبەردەستا نیە، بەڵام بەبۆچونی من، دوو حاڵەت هەیە، کاتێک کە بێتکۆین یان هەر دراوێکی دیکە ڕوو لەدابەزین دەکات خەڵک چاوی لەسەر ئەوەیە بیکڕێت، کە نرخیش بەرز دەبێتەوە فرۆشتن زۆرە، هاوڵاتیان بەمە قازانج دەکەن، بۆیە لەئێستا کڕین زۆرترە.

**بازرگانی و پیشەسازی:** ئایا ئەم کڕینە مەترسی زیانی بەدواوە نیە؟

**سەنگەر فایەق:** ئەمە بازرگانییەو سوودو زیانی تێدایە، باشترین کار ئەوەیە هاوڵاتیان بەشێک لەسامانەکانیان بخەنە نێو ئەم مامەڵەیەوە نەک هەمووی، ئەگەر شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیا کۆتایی پێبێت و مەسەلەی سوودی بانکی نەمێنێت، نرخی دراوە ئەلکترۆنییەکان زۆر بەرز دەبێتەوە، لەئێستادا هاوڵاتیانی شاری سلێمانی بەشێک لەسامانەکانیان دەخەنە بازاڕەوەو بەشێکی هەڵدەگرن بۆ ئەو کاتە ڕوو لەبەرزبونەوە دەکات، بەگوێرەی پێشبینەکان ساڵی ٢٠٢٣ ئەم دابەزینەی دراوە ئەلکترۆنەیەکان بەردەوام دەبێت، بۆیە لەئێستادا هاوڵاتیان مامەڵەی کورتخایەن دەکەن. ئێمە دوو جۆر مامەڵەمان هەیە یەکێکیان مامەڵەی کورتخایەنە کە ڕۆژانە لەنرخی نزمدا دەکرێت و دەفرۆشرێت، مامەڵەیەکی تر هەیە هەڵگرتنە، واتە دراوەکان هەڵدەگیرێت بۆ ماوەی ٦ مانگ تاکو ساڵێک، بەڵام تاکو ئێستا بەگوێرەی پێشبینیەکان بازاڕ بەم شێوەیە ناسەقامگیرە دەمێنێتەوە تاکو ساڵی ٢٠٢٤.

**بازرگانی و پیشەسازی:** کەس هەبووە لەم ماوەیەی ڕابردوودا بەهۆی مامەڵەی دراوە ئەلکترۆنیەکانەوە زیانێکی گەورەی کرد بێت؟

**سەنگەر فایەق:** بە شێوەی تاک هەبووە سەرمایەکەی ١٠ هەزار دۆلار بووەو زیانی کردووەو هاتۆتە سەر ١٠٠ دۆلار، بەڵام لەشاری سلێمانی کەس نەبووە پارەیەکی زۆر زۆر لەدەستبدات، بەڵام لەسەر ئاستی جهیان هەیە، دوو کۆمپانیا لەئەمریکاو کۆریای باشوور مایەپووچ بوون.

**بازرگانی و پیشەسازی:** پێشبینیتان چیە بۆ داهاتووی بازاڕە ئەلکترۆنییەکان لەداهاتوودا؟

**سەنگەر فایەق:** بازاڕی دراوە ئەلکترۆنەیەکان لەساڵی ٢٠٠٩وە دروست بووە، بەڵام لەکاتی کۆرۆناوە زۆر گەشەی کرد، لەئێستادا بۆچونەکان لەسەر ئاستی جیهان سەبارەت بەچارەنوسی ئەم دراوە دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا، ئەگەر یاساکان ڕێکبخرێتەوەو دەرفەتی فەیک کردن و کاری نایاسایی نەبێت لەم بوارەدا، بەدڵنیاییەوە شرۆڤەکاران گەشبینن بەوەی داهاتوویەکی گەشی هەیە. بۆچونێکی تریش هەیە پێیانوایە بابەتی دراوە ئەلکترۆنیەکان کاتییەو کۆتایی پێدێت، بەڵام من وەک خۆم پێموایە داهاتوویەکی گەش چاوەڕێی ئەم بازارە دەکات و ڕۆژانە چەندین کۆمپانیای گەورە دێنە ناو ئەم بازاڕەوە، لەبەرئەوەی مەترسی هاک کردن و ساختەکردنی تێدا نیەو مامەڵکردن پێی ئاسانەو مەترسی لەدەستدانی سەرمایە کەمترو حەواڵەکردن پێی ئاسانە، بۆیە پێموایە داهاتوویەکی گەش چاوەڕێی ئەم بازاڕە دەکات.

**بازرگانی و پیشەسازی:** بەمەزەندەی تۆ لەسلێمانی ڕۆژانە بڕی چەند مامەڵە بەدراوی ئەلکترۆنییەوە دەکرێت؟

**سەنگەر فایەق:** بەمەزەندەی من ڕۆژانە ١٠٠ بۆ ١٥٠ هەزار دۆلار مامەڵەی پێدەکرێت، ئەم ژمارەیە گریمانیەو ئامارو داتای ورد لەبەردەستدا نیە.



# "نرخی دۆلار بەرامبەر بەدیناری عێراقی جێگیر دەبێت"

**وتەبێژی بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی رایدەگەیەنێت "نرخی دۆلار بەرامبەر بەدیناری عێراقی جێگیر دەبێت، چونکە بانکی ناوەندی عێراق ١٠٠ دۆلار بە ١٤٦ هەزار دینار دەفرۆشێت و ناکرێت جیاوازیەکی زۆر لەنێوان نرخی فەرمی و نرخی بازاڕدا هەبێت".**

جەبار گۆران، وتەبێژی بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی و شارەزای بواری ئابوری بەڕۆژنامەی "بازرگانی و پیشەسازی" ڕاگەیاند نرخی دۆلار بەرامبەر بەدیناری عێراقی جێگیر دەبێت، ئەو وتی "هۆکاری ئەو ناسەقامگیرییەی لەچەند ڕۆژی ڕابردووە ڕووی لەبازارەکانی دراو کردووە، کەمکردنەوەی بڕی فرۆشتنی دۆلار بوو لەلایەن بانکی ناوەندی عێراقەوە، پێشتر بانکی ناوەندی ڕۆژانە ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری دەفرۆشت، بەڵام ئەم ماوەیە ئەو بڕەی کەم کردووە، تاکو ئێستا هۆکارەکەی دیار نیە بۆ کەم کراوەتەوە، بانکی ناوەندی عێراق ١٠٠ دۆلار بە ١٤٦ هەزار دینار دەفرۆشێت، ناکرێت جیاوازیەکی زۆر لەنێوان نرخی فەرمی و نرخی بازاڕدا هەبێت، چونکە کاتی خۆی بڕیاردرا ١٠٠ دۆلار بە ١٤٦ هەزار دینار بفرۆشرێت بە ١٤٧ هەزار دینار لەبازاڕەکاندا مامەڵەی پێوە بکرێت".

وتیشی "هۆکاری دووەم بۆ بەرزبونەوەی نرخی دۆلار بەرامبەر دیناری عێراقی بریتییە لەوەی ژمارەیەک لەبانکە ئەهلیەکان خراونەتە لیستی ڕەشەوە، ئێستا ئەو بانکانە ناتوانن دۆلار بفرۆشن ئەمەش کاریگەری بەرچاوی هەیە".

وتەبێژی بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی مەبەستی لەو سزایانە بوو کە لەلایەن وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکاوە بەسەر ژمارەیەک بانکی ئەهلی و کەسی عێراقیدا سەپێنراون بەهۆی هاوکاری بازرگانی و مامەڵەکردنیانەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

لەبارەی دەنگۆی بردنە دەرەوەی دۆلار، جەبار گۆران ئاماژەی بەوە کرد لەماوەی ڕابردوودا کار زۆر لەسەر ئەوە کرا بەهای دۆلار دابەزێنرێت بۆ ١٣٥ هەزار دینار یان ١١٨ هەزارەکەی جاران، ئەو وتی " ئەم پلانە ئەجندایەکی دەرەکی لەپشتەوە بوو، قسەی زۆر لەسەر کراو واژۆی پەرلەمانتارانی بۆ کۆکرایەوە، بەڵام بەرزبونەوەی نرخی دۆلار پشتیوانی و باکگراوندێکی نێودەوڵەتی هەیە بەهەماهەنگی لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی فیدراڵی ئەمریکا کراوە، مەسەلەکە ئەوە نییە دۆلار دەڕوات بۆ دەرەوەی عێراق، دەکرێت دۆلارو پارە برواتە دەرەوە، هەمیشە ئاڵوگۆڕی پارە لەنێوان وڵاتاندا هەبووەو دەبێت".

وتیشی "لەئێستادا تمەنی نەقدی لەبازاڕەکانی کوردستاندا زۆر زۆر دابەزیوەو لەخوار نرخی حەواڵەوەیە، جاران حەواڵە گرانتر بوو لەتمەنی نەقدی و ئێستا پێچەوانە بوەتەوە، لەبەرئەوەی تمەن بەگشتی خواستی زۆر زۆر کەمی لەسەرە، تمەنی نەقدی لەحەواڵە هەرزانترە، لەئێستادا خواست لەسەر تمەن هەر نیە تاکو ئێرانییەکان بێن تمەن بفرۆشن و دۆلار بەرنەوە بۆ ئێران".

لەبارەی ڕەوشی ئابوری ئێستای عێراق لەبەرژەوەندی دینardایە یاخود بەپێچەوانەوە، وتەبێژی بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی وتی "لەئێستادا یەدەکی بانکی ناوەندی عێراق زۆر زیادی کردوە، بانکی ناوەندی عێراق ١٢٤ تۆن یەدەگی ئاڵتونی هەیە، لەبەرئەوە هیچ مەترسییەک لەسەر دیناری عێراقی نیە، هێشتا نرخی نەوتیش بەرزە، تەنها مانگی ڕابردوو عێراق بە بەهای ١١ ملیار دۆلار نەوتی فرۆشتوە، کە ئەمەش زۆر زۆرە بۆ عێراق، پشتیوانی کردن لەبەهای دینار لەلایەن بانکی ناوەندی عێراقەوە بەردەوام دەبێت، بۆیە من پێم وانیە بەهای دۆلار لەمەی ئێستا بەرزتر بێتەوەو هێشتا هێزی دۆلاری ئەمریکی ئەوەندە نیە، بۆ ماوەیەکی زۆر بە بەرزی بمێنێتەوە، بۆیە من پێموایە ئەگەر بانکی ناوەندی وەک ڕۆژانی پێشتر دۆلاری زیاتر بفرۆشێت بەهای دۆلار دادەبەزێت".

لەبارەی کاریگەی بارودۆخی سیاسی بۆ سەر بازاڕی دراو، جەبار گۆران وتی "بارودۆخی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی عێراق کاریگەری لەسەر بەهای دۆلار دەبێت، لەئێستادا عێراق لەریزبەندی یەکەمی وڵاتانی عەرەبییە بۆ گەشەی ئابوری و لەسەر ئاستی جیهانیش سەرەڕای هەموو ئاستەنگە ئابورییەکان پلەی دووهەمی هەبووە، دۆخی ئابوری عێراق زۆرباشەو بەرەو باشتریش هەنگاو دەنێت، دۆخی سیاسیش بە بەراورد لەگەڵ مانگەکانی ڕابردوو زۆر باشترە، ئەگەر بانکی ناوەندی عێراق وەک پێشتر دۆلاری زیاتر بفرۆشێت و بخاتە بازاڕەوە، بەدڵنیایی بەهاری دۆلار بەرامبەر بەدینار دادەبەزێت".

> **هۆکاری ئەو ناسەقامگیرییەی لەچەند ڕۆژی ڕابردووە ڕووی لەبازارەکانی دراو کرد، کەمکردنەوەی بڕی فرۆشتنی دۆلار بوو لەلایەن بانکی ناوەندی عێراقەوە، پێشتر بانکی ناوەندی ڕۆژانە ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری دەفرۆشت، بەڵام ئەم ماوەیە ئەو بڕەی کەم کردووە**



بانکی ناوەندی ١٠٠ دۆلار بە ١٤٦ هەزار دینار دەفرۆشێت و ناکرێت جیاوازیەکی زۆر لەنێوان نرخی فەرمی و نرخی بازاڕدا هەبێ

# ٥٠٠ تۆن هەنگوین لەساڵی ٢٠٢٢دا لەپارێزگای سلێمانی بەرهەم هاتووە



ئا: ڕێژەن سەردار

**کارگێڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات هەنگوینی ئەمساڵ لەڕووی کوالێتییەوە زۆرباش و نایابە، ئەو دەڵێت "بەداخەوە، تاکو ئێستا لەهەرێمی کوردستان تاقیگە نیە بۆ پشکینی کوالێتی هەنگوین زۆر بەئەستەم دەتوانرێت هەنگوینی باش لەهەنگوینی ساختە جیا بکرێتەوە".**

لوقمان عومەر، کارگێڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان دەربارەی بەرهەمهێنانی هەنگوینو سازدانی ڤیستیڤاڵی هەنگوین لەشاری سلێمانی بەڕۆژنامەی "بازرگانی و پیشەسازی"ڕاگەیاند "کۆمەڵەی هەنگەوانان کۆمەڵەیەکی پیشەیی زانستییە لەساڵی ٢٠٠١ دامەزراوەو نزیکەی سێ هەزارو ٢٠٠ ئەندامی هەیە، یەکێک لەچالاکییەکانی کۆمەڵەکە، ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵی هەنگوینە کە ساڵانە ئەنجام دەدرێت، ئەمساڵ حەوتەمین ڤیستیڤاڵی هەنگوین لەشاری سلێمانی ئەنجامدرا لەژێر دروشمی (هەنگ بۆ ژینگەو هەنگوین بۆ ژیان) لەم ڤیستیڤاڵەدا ٣٤ هەنگەوان بەرهەمەکانیان نمایش کرد".

لە بارەی کوالێتی و جۆرەکانی هەنگوین، لوقمان عومەر وتی "هەنگوینی باشو خراپ لەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، هەنگوین تاکو لەگوڵی سروشتیەوە نزیک بێتو پورە هەنگەکان لەئاوەدانیەوە دور بێتو لەژینگەیەکی سروشتیدا بێتو دەستی مرۆڤی نەگاتێ دەتوانرێت پێیبوترێت هەنگوینی باشو کوالێتی بەرزە".

وتیشی "بەگشتی هەنگوینی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەباشترین جۆرەکانی هەنگوینی دنیا، لەفیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانیش بەیەکێک لە١٠ باشترین هەنگوینەکانی جیهان هەژمار دەکرێت، هۆکارەکانی باشی هەنگوینی کوردستان ئەوەیە، هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە گوڵی سروشتی، هەنگ شیلەی ئەو گوڵە سروشتیانە کۆ دەکاتەوە، هۆکارێکی تری ئەوەیە ڕێژەی شێ لەهەنگوینی کوردستاندا کەمە، هۆکاری سێهەمیش ئەوەیە خاکی کوردستان زۆر بەپیتە ئەمەش وادەکات چەندین مادەی بەسوود لەهەنگوینی کوردستاندا هەبێت".

**هەنگوینی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەباشترین جۆرەکانی هەنگوینی دنیا، لەفیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانیش بەیەکێک لە١٠ باشترین هەنگوینەکانی جیهان هەژمار دەکرێت**

لەبارەی بڕی هەنگوینی ئەمساڵ لەسنوری پارێزگای سلێمانی، کارگێڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان وتی "ئامارێکی وردو دروست لەبارەی بڕی بەرهەمهێنانی هەنگوین لەسنوری پارێزگای سلێمانی لەبەردەستدا نیە، بەڵام هەنگوینی ئەمساڵ زۆر زۆر باشو نایاب بوو، لەکورەیەکدا ٧ بۆ ١٠ کیلۆ هەنگوین بەرهەم هاتووە، بۆیە بەمەزندەی ئێمە زیاتر لە ٥٠٠ تۆن هەنگوین لەساڵی ٢٠٢٢ بەرهەمهاتووە لەشاری سلێمانی".

لەبارەی نرخی هەنگوین لەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، لوقمان عومەر وتی <>ئەو هەنگوینەی لەبازاڕدا بەنرخی ١٠ هەزار دینار دەفرۆشرێت لەڕاستیدا ئەوە هەنگوین نیە، چونکە بەرهەم هێنانی هەنگوین زۆر قورسە هەر پارەی کەرەسەو ئامدەکارییەکانیشی نییە، هەنگێک ڕۆژانە هەزارو ٤٠٠ گوڵ دەگەڕێت تاکو شیلە کۆبکاتەوە، ئەوەی دەدرێت بە ١٠ هەزار دینار دروستکراوەو هی وڵاتانی دراوسێیەو دەهێنرێتە هەرێمی کوردستانەوەو بەهەرزان ساغ دەکرێتەوە، نرخی هەنگوینی ئەسڵ کیلۆی لەنێوان ٤٠ بۆ ٨٠ هەزار دیناردایە لەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، هەنگوینی ئەسڵیش هەیە لەکلۆری دارەکان لەناوچە کویستانییەکان دەدۆزرێتەوە، ئەو نرخی ١٠ هەزار دینارە بەهای ماندووبونی هەنگەوانەکەش نییە، هەنگوینی کوردستان باشترین جۆری هەنگوینە، هەنگوینی ساختە تەنها هی وڵاتانی دراوسێیەو ئەگینا هەنگەوانەکانی ناوخۆ کاری ساختە ناکەن".

لەبارەی چۆنیەتی جیاکردنەوەی هەنگوینی ساختە لەهەنگوینی ئەسڵ، کارگێڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان ڕایگەیاند <>تاکو ئێستا لەهەرێمی کوردستان تاقیگە نیە بۆ پشکنینی هەنگوین، بەڵام زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی سەرقاڵی کڕینی تاقیگەیەکن تایبەت بەپشکنینی کوالێتی هەنگوین، هیوادارین بەزووترین کات ئەو تاقیگەیە دابنرێتو دەست بکات بەکارکردن، چونکە ئەم بابەتە زۆر گرنگە بۆ تەندروستی هاوڵاتیان، لەئێستادا باشترین کار ئەوەیە هاوڵاتیان لەپێشەنگاکان هەنگوین بکڕن، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ کڕیارەکان دەتوانن هەنگوین لەهەنگەوانان بکڕن بەتایبەتی لەو ڤیستیڤاڵانەی کۆمەڵەی هەنگەوانان دەیکاتەوە لەژێر چاودێری وردایەو شتی خراپ نافرۆشرێت، تاکە ڕێگە متمانەیە، ئەوانەی زۆر شارەزاشن لەسەدا ٥٠ دەتوانن بزانن هەنگوینەکە ئەسڵە یان ساختەیە، چونکە تەنها تاقیگە دەتوانێت لەسەدا ١٠٠ کوالێتی هەنگوین دیاری بکات ئەویش لەکوردستان نیە".


لەکورەیەکدا ٧ بۆ ١٠ کیلۆ هەنگوین بەرهەم هاتووە

لەبارەی جیاوازی ڕەنگی هەنگوین کە بەشێکیان رەنگیان زەردباوەو هەندێکیشیان مەیلەو ڕەشە، کارگێڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان وتی "شیلەی گوڵەکان ڕەنگی هەنگوینەکە دەگۆڕێت، شانەکان کە بەچکەکانی تێدا پەروەردە دەکرێتو گەرای تیا دائەنرێت، پاکژ دەکرێت بەمادەیەک کە پێیدەڵێن پرۆپۆس، ئەم پرۆسەیە ڕەنگی شانەکان دەگۆڕێت، ئەگینا ڕەنگی هەنگوینەکە هەمان جۆرە، تاکو ڕەنگەکەی تۆختر بێت باشترە، من ڕێنمایی هاوڵاتیان دەکەم هەنگوین بێ شانە بخۆن، بەڵام کەسێک حەزی لەشانە بێ شانەی ڕەش باشترە لەهی زەرد".

لە بارەی هەناردە کردنی هەنگوینی کوردستانیش بۆ دەرەوەی وڵات، ئەو وتی <>تاکو ئێستا بەشێوەیەکی سەرەکی هەناردە نەکراوە، بەڵام لەسەر ئاستی تاکە کەس دەبرێتە وڵاتانی کەنداو ئەوروپا".

کارگێڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان، جەختی لەوە کردەوە لەهەرێمی کوردستان دەتوانرێت یەک ملیۆن کورەی هەنگوین دابنرێت، چونکە ئاوو هەواو ژینگەیکی باشو لەبار ئامادەیە، ئەو وتی "گوڵو گوڵزاری سروشتی زۆرمان هەیە، دەتوانرێت بەرهەم هێنانی هەنگوین لەپێداویستی بازاڕەکان زیاتر بێتو بنردرێتە دەرەوە، لەئێستادا هاوڵاتیانی کوردستان هەنگوینخۆر نین، ئەمساڵ هەنگوین زۆر بووە، باوەڕ ناکەم هەنگەوانەکان بتوانن هەمووی بفرۆشن، هەنگوینی وڵاتاینیش لەبازاڕدا زۆرە کە بەشێوەی قاچاغو فەرمی هاوردە دەکرێت، ئەموش کێشەی دروست کردوە بۆ فرۆشتنی بەرهەمی ناوخۆ".

وتیشی "کوردستان نیشتیمانی ڕەسەنی هەنگە داوا لەدەسەڵاتداران دەکەم گرنگی بە بەرهەمی ناوخۆ بدەنو پشتیوانی لەهەنگەوانەکان بکەن، هەنگ پارێزگاری لەژینگە دەکاتو ئەرکی هەموومانە ئەم زیندەوارانە بپارێزین".



# پێداویستی بۆنەکان ساڵانە پارەیەکی زۆری ناوخۆ دەباتە دەرەوە

**پێداویستی هەموو بۆنەکانی ڕۆژی لەدایکبونو سەری ساڵو ڤالانتاینو هاڵەوینو دیاری شەکراو خواردنەوەو دەرچونی قوتابیانو بابەتی پێداویستی مانگی ڕەمەزانو حەجو عەمرە هەمووی هاوردە دەکەن**



دوو مندال کلاوی بابانۆئیل دەکڕن

ئا:زریان محەمەد

**ساڵانە بە بەهای زیاتر لە ٦٠٠ هەزار دۆلار پێداویستی جوانکاری پێشوازیی لەساڵی نوێو بۆنەکانی تر هاوردەی سلێمانی دەکرێت، کە لەسەدا ٩٥ی ئەو جوانکاریانە لەوڵاتی چینەوە دێت.**

بازرگانێک لەشاری سلێمانی رایدەگەیەنێت ساڵانە لەهەمو بۆنەکاندا پێداویستی جوانکارییو ئەو بەرهەمانەی لەسەری ساڵو بۆنەکانی تردا خەڵک بەکاریدەهێنێت، هاوردەی دەکەین بۆ شاری سلێمانیو لەوێشەوە دابەش دەکرێت بۆ شارکانی دیکەی کوردستانو عێراق.

ئەریوان فەرەیدون عەلی، بازرگانی هاوردەکردنی پێداویستیەکانی جوانکاری بۆنەکان لەشاری سلێمانی لەبارەی گرنگترین ئەو پێداویستیانەی هاوردەی دەکەن بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "من لەبواری هاوردەکرنی جوانکارییو دیاریو پێداویستی هەموو بۆنەکانی ڕۆژی لەدایکبونو سەری ساڵو ڕۆژی خۆشەویستیو هاڵەوینو دیاری شەکراو خواردنەوەو دەرچونی قوتابیانو بابەتی پێداویستی مانگی ڕەمەزانو حەجو عەمرە هەموی هاوردە دەکەنو لەبازاڕدا نمایشی دەکەنو بەشێکی زۆری دوکاندارەکانی شاری سلێمانی لای ئەوان ئەو کاڵایانە دەبەنو دەشینێرین بۆ شارەکانی دیکەی کوردستانو شارەکانی خواروی عێراق.

دەرباری ئەوەی زۆرترین ئەوکاڵایانە لەچ بوارێکدا بەکاردێت بۆ یادی لەدایکبون یان سەری ساڵ، ئەریوان وتی "هەموو بابەتەکان وەک یەک خواستو داواکاریان لەسەرە لەکاتی نزیکبونەوە لەبۆنەکان، بەڵام بەهۆی پەیوەست بوونمان بەلایەنی ئاینیەوە هەموو بازرگانێک کار لەسەر هەندێک جوانکاریی بۆنەکان ناکات وەک سەری ساڵو هاڵەوین، بەڵام ئێمە ئەو بابەتانە هاوردە دەکەین چونکە خواستیان لەسەرەو داوکاری هاوڵاتیانە هەربۆیە بازاڕ پێویستی بەو جوانکاریانە هەیە بۆیە هاوردەی دەکەین ساڵانە لەکاتی خۆیدا بەردەست دەبێت".

لەبارەی ئەوەی لەکام وڵاتەوە زۆرترینی ئەو جۆرە کاڵایانە هاوردە دەکرێت، ئەو وتی "بەکۆی گشتی لەسەدا ٩٥ی زۆرترین ئەو بابەتانە لەوڵاتی چینەوە هاوردە دەکرێتو لەسەدا ٥ی لەئێرانەوە دێت، ئەوەش بەهۆی نزیکی لێمانەوە، نرخیشی گونجاوە بۆ من، من توانیومە بەردەوام بم لەهاوردەکردن بەتایبەتی لەکاتی کەرەنتینەشدا پەیوەندیم لەگەڵ وڵاتی چین هەبووە، خۆم سەردانم کردووە هەمو پێداویستیەکمان هاوردە کردووە".

دەربارەی ئەوەی ساڵانە بەبڕی چەند شتومەک هاوردە دەکرێت بۆ شاری سلێمانی، ئەریوان وتی "من وەک خۆم

**ساڵانە بەبڕی زیاتر لە ٦٠٠ هەزار دۆلار هاوردەی پێداویستیەکانی جوانکاریی دەکەم هی هەموو بۆنەکان بۆ شاری سلیمانی**

ساڵانە بەبڕی زیاتر لە ٦٠٠ هەزار دۆلار هاوردەی پێداویستیەکانی جوانکاریی دەکەم هی هەموو بۆنەکان، ئەوەش بەپێی ساڵەکان جیاوازەو بەرزبونەوەی نرخی دۆلار بازاڕی خاو کردبوەوە لەم ساڵانەی دوایدا، بەڵام لەئێستادا پێداویستیەکان هاوردەکردنیان بەردەوامە".

دەربارەی ئەوەی بۆچی لەناوخۆدا ناتوادرێت ئەو شتومەکانە بەرهەم بهێندرێت بۆ جوانکاریو پێداویستیەکان، ئەو بازرگانە وتی "زۆربەی ئەو شتانەی هاوردەی دەکەین ناتواندرێت لەناوخۆدا بەرهەم بهێندرێت، چونکە لەئێستادا زۆرمان ماوە بگەین بەو کارە، هۆکاری یەکەمیش دەستی کارە لەوڵاتی ئێمە، ئەوە گرانەو مادە سەرەتاییەکانیش لەوڵاتی ئێمە گرانەو باوەڕم وایە لەڕوی نرخیش گران دەکەوێتو ناتوانین کێبڕکێی کاڵاو بەرهەمی هاوردەکراو بکەین، بەڵام لەکوردستاندا ئێستا بواری دیزاینەران ئەوانەی جوانکارییەکان ڕێکدەخەن زۆر چوەتە پێشەوە، ئێمە هاندەدەن کە چ شتێک هاوردە بکەین، شتەکان چۆن ڕێک بخرێت، ئەمە پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە دیوە".

لەبارەی دانانی کارگە لەناوخۆدا تا چەند دەتوانێت خواستی بازاڕ پڕبکاتەوەو کێبڕکێی بەرهەمی دەرەکی بکات، ئەردوان وتی "دانانی کارگە لەناوخۆدا پێموایە لەسەدا یەک بتوانێت کێبڕکێ بکات، ئەوەی خوێندنەوەمان بۆ کردووە وڵاتانی دراوسێ زۆر کات خۆشحاڵ نین بەدانانی کارگە لەهەرێمی کوردستان، جگە لەوەش پشتیوانی حکومەت بۆ دانانی کارگە وەک پێویست نییە، زۆربەی پێداویستیەکانی کارگە گرانە، نرخی کارەباو باجو دەستی کار ئەمانە هەموی کاریگەری هەیە بۆ کارکردن".

هاوڵاتیان لەبۆنەو یادەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو پێداویستیەکانی جوانکاری بەکاردەهێنن، بەشێوەیەکی بەرچاو لەشارەکاندا دوکانی تایبەت بەو بوارە کراونەتەوەو دەفرۆشرێت. بەشێکی دیکەی دابینکردنی ئەو پێداویستیانە لەڕێگەی ئۆنلاینەوە دەکرێت، زۆرێک لەو کەسانەی لەوڵاتانی ئەوروپا دەژین لەوێ دەیکڕنو دەینێرنەوە بۆ کوردستانو پاشان لەدوکانەکانی تایبەت بەو بوارانە ساغ دەکرێنەوە.

چنور مەهدی، یەکێکە لەو خانمانەی کاری ناردنەوەی پێداویستیەکانی جوانکارییو ڕازاندنەوەی بۆنەکان دەکات، بەڕۆژنامەی "بازرگانی و پیشەسازی" وت "لەسەر خواستی ئەو کەسانەی داوای کەلوپەل دەکەن لێرە بۆیان دەکڕمو لەڕێگەی کۆمپانیاکنی گواستنەوەوە دەینێرمەوە".

وتیشی "ئەو شتانەی ئێمە دەینێرین لەکاتی داشکاندنو هەرزانکردنی نرخدا دەیکڕینو لەکوردستان نیە گەر هەشبێت نرخەکانیان زۆر گرانترە لەچاو ئەوەی ئێمە بەهەرزان دەیکڕین، هەربۆیە توانیومە پەیوەندیەکی باشم لەگەڵ کڕیارەکانم لەشاری سلێمانی هەبێتو کاریان لەگەڵ دەکەم بەخواستی خۆیان داوای پێداویستی دەکەنو بۆیان دەنێرمەوە".

# ئایا دەتوانین ٢٠٢٣ بکەین بەساڵی بەهێزکردنی کەرتی تایبەت؟



ئاراس عەبدولکەریم مەعروف

پۆل بریمەر لەیاداشتەکانیدا ئاماژە بەخاڵێکی سەرنجڕاکێش دەکات، خاڵێک کە بەوردی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئابوری عێراق بەگشتیو سەرهەڵدانی کەرتی تایبەتی لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا تیا روندەکاتەوە، ئەو دەڵێت "لەساڵی ٢٠٠٣دا کاتێک بڕیار درا کار بەسیستەمی ئابوری ئازاد لەعێراقدا بکرێت، دەسەڵاتدارو کاربەدەستان بەمەبەستی دەسکەوتو سوودی خێرا، دەستبەجێ کەوتنە دامەزراندنی کۆمپانیای بازرگانیو چاوبڕینە هاوردەکردن لەبری بەرهەمهێنان، هەربۆیە زۆری نەخایاند چینێکی سیاسەتمەداری بزنسمانی گەندەڵ سەریانهەڵدا کە هیچ روانینێکی ستراتیژیو پەرەپێدانی درێژخایەنیان نەبوو بۆ وڵات، تەنها دەستیان لەسەرمایەو پارەیەکی زۆرو زەبەند گیر بوو، لەدونیادا بەمۆدیلی (دەوڵەمەند بوون بەشێوە عێراقییەکەی) ناوبانگی دەرکرد، کە بەو تازە پیاکەوتوانە دەوترا لەماوەیەکی کەمدا لەوپەڕی هەژارییەوە دەبوون بەملیۆنەرو ملیاردێری گەورە"!

کارەساتی گەورەی ئەم وڵاتە لەڕووی ئابورییەوە وەک بریمەر ئاماژەی پێدەکات، ئەوەیە بەشێکی بەرچاو لەئەکتەرەکانی کەرتی تایبەتو زۆربەی سەرمایەدارانی ئەم وڵاتە بێ رەگو ریشەن! زۆربەیان لەسایەی پاشاگەردانیو نەبونی یاساو رێسای تۆکمەو دۆخێکی کتو پڕدا پارەیەکی زۆرو زەبەندیان بێ ماندوو بوون دەستکەتووەو کەوتون بەسەر نازو نیعمەتی خۆیانداو دەشیانەوێ لەسەر ئەم ریتمە بەردەوام بن!

بێگومان لەجیهانی پڕ لەگۆڕانکارییو پڕ لەکێبڕکێی ئەمڕۆدا، ئامانجی ستراتیژی وڵاتان گەشەی ئابوریو کۆکردنەوەی سەروەتو سامانە، ئەوەی لەبەدیهێنانی ئەم ئامانجەشدا رۆڵی گرنگو کارا دەبینێت بەهێزیی "کەرتی تایبەت"ە.

رەنگە هەمووومان لەسەر ئەم خاڵە کۆک بین کە کەرتی تایبەتی ڕاستەقینە کاتێک سەرهەڵئەدات دەسەڵاتی یاسا هەبێت بەمانا ڕاستەقینەکەیو بازاڕو ئابوری، ئازاد کرا بێت. بازاڕو ئابوری لەلایەن حکومەتو حیزبەوە بۆ هیچ کۆمپانیاو کەسێک قۆرغو کۆنترۆڵ نەکرابێت، یاخود بازاڕو چالاکییە ئابورییەکان لەڕێگەی سەپاندنی کۆمەڵێک یاساو رێسای تێچونی زۆرو بیرۆکراسییەوە، بەرتەسکو نائارام نەکرابێت.

سەروەری یاسا بۆ پاراستنی مافەکانی ئازادی تاکەکەسو رێخستنەوەی سیستەمی بانکیو داراییو دەستەبەرکردنی ژینگەی کار لەپێناو باشتر کردنی توانای کێبڕکێی دامەزراوە ئابورییەکانو رادەستکردنی ئابوری لەکەشێکی کێبڕکێدا بەکەرتی تایبەتی ڕاستەقینە، مەرجن بۆ ئەوەی سیستەمێکی ئابوری کاراو ئاوەدان بەدەستبهێنرێت.

راستییەک ناتوانین چاوپۆشی لێبکەین ئەوەیە ئێمە لەهەرێمی کوردستاندا تا ئێستا کەرتێکی تایبەتی بەهێزو کارامان نییە، کە هاوسەنگیو جێگیریی پێوە دیاربێت، بەدڵنیایی هۆکار زۆرن وایکردوە کەرتێکی تایبەتی تەندروستمان نەبێتو بەشێوەیەکی تۆکمەو پتەو لەسەر پێی خۆی وەستابێت.

ئەمڕۆ ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی دەستپێشخەر بێت لەشکاندنی ئەو قاڵبو رێچکانەی کە تا ئێستاش چاوی لەخێرو سەدەقەی حکومەت بێت تا یارمەتی بدات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت! ئیتر کاتیەتی کەرتی تایبەت لەکوردستاندا کار لەسەر رەواندنەوەی ئەو هەڵە تێگەیشتنە بکات کە کەرتی تایبەت دەبێت حکومەتو کەرتی گشتی تەمویلی بکات یان فلان کەرەسەو فیسارە ئامرازی بۆ دابین بکات تا لەسەر پێی خۆی بوەستێو شکست نەهێنێت!

لەجیهانی ئەمڕۆدا رەوتی ئابوری بەرەو ئەو ئاراستەیە دەجولێ، لەبری ئەوەی کەرتی تایبەت چاوی لەخێرو بێرو دەستی حکومەت بێت، بەپێچەوانەوە ئەوە بازاڕو کەرتی تایبەتە کە پشتیوانو هاوکاری حکومەتن، ئێستا تا دێ رۆڵی کەرتی تایبەت گەورە دەبێو قەبارەی حکومەتیش بچوکو بچوکتر دەبێتەوە. ئەمەش وا دەخوازێ کەرتی تایبەتی ڕاستەقینە هەوڵی ئەوە بدات ئەو بیرکردنەوەیە پوچەڵ بکاتەوە کە پێیوایە تەنها بەدوای بەرژەوەندی کەسی خۆیدا دەگەڕێت!

هەلومەرجی ئابوری وا لەکەرتی تایبەت دەخوازێ لەکوردستاندا کە لەهەموو رووییەکەوە خۆی ئامادەو پێشبخات، بەتایبەتی لەڕووی شارەزایی بەڕێوەبردنی سەرمایەوە، ناکرێت کەرتی تایبەتو سەرمایەدارانی کوردستان عەقلیەتی سەرمایەداری فیودالییان هەبێو لەڕووی بازرگانی "یان دروستر بڵێین لەڕووی قاچاغچیتییەوە" بڕواننە سەرمایەگوزارییو تەنها چاویان لەو پرۆژانە بێت کە قازانجێکی زۆریان بەماوەیەکی کورت بۆ دەستەبەر دەکات، یاخود پلانو خولیایان لەسەر دەست تێکەڵکردن لەگەڵ بەرپرسە حیزبیەکان بێت بۆ پاراستنی سەرمایەو بەدەستهێنانی قازانجەکانیان بەئاسانیو بۆ ئەوەی کەسیش نەتوانێ ململانێی بازاڕی ئازادیان لەگەڵدا بکات.

تا کەرتی تایبەت بەم دیدەوە بڕوانێتو لەهەموو روویەکەوە قایم لەسەر پێی خۆی نەوەستێتو روانگەیەکی گشتگیری بۆ ئابوری وڵات نەبێت، بەلاوازیو پەراوێزخراویی دەمێنێتەوە، چونکە وەبەرهێنانی کەرتی تایبەتی راستەقینە بریتییە لەئەنجامدانی پرۆژەیەک کە بەرهەمداربێتو سوڕی سەرمایەو خستنە سەر کاری بەردەوام لەخۆبگرێت.

کەرتی تایبەت لەزۆربەی وڵاتانی ئەمڕۆی جیهاندا، بەتەواوی شوێنی حکومەتە بنەڕەتیەکەیان گرتۆتەوەو توانیویشیانە هەمان رۆڵی حکومەت (کەرتی گشتی) ببینن لەبەرەو پێشچونی وڵاتو لەدابینکردنی هەلی کاردا، هەربۆیە لە زۆربەی ئەو قەیرانانەی بەرۆک بەحکومەتەکان دەگرن، کەرتی تایبەت راستەوخۆ دەتوانێت رۆڵ ببینێتو قورسایی ئەو قەیرانانە لەسەر حکومەت کەم بکاتەوە.

لەم رووەوە بەرپرسیارێتی گەورە لەسەر شانی حکومەتە تا لەو چوارچێوەیەدا کاربکات بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت کارا بێتو بەیاسا ئابوریو بازاڕ بپارێزێتو راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ وەبەرهێنەران ئاڕاستە بکات بۆ ئەو بەرهەمانەی کە نیشتمانو کۆمەڵگا پێویستی ستراتیجی پێیانە.

بەپێی هەلومەرجی ئێستای ئابوری هەرێمی کوردستانیش، گونجاوترین تاکتیکی کورتخایەنو ستراتیژی درێژخایەنی ژوورە بازرگانییەکان وەک نوێنەری کەرتی تایبەت، دۆزینەوەی رێگاچارەیەکە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی لاوازییو پەراوێزخراویی کەرتی تایبەت، ئەرکی ژوورە بازرگانیەکانە هەوڵی بنیاتنەرانە بدەن بۆ ئەوەی ساڵی ٢٠٢٣ بکەن بەساڵی بەهێزکردنی کەرتی تایبەتی ڕاستەقینە، تا لەم رێگەیەوە هەرێمی کوردستان لەچەقبەستووی ئەدای ئابوری دەرباز ببێتو پێگەی خۆی بۆ پێگەیەکی شایستەتری ئابوری بەرز بکاتەوە.

> ناکرێت کەرتی تایبەت عەقلیەتی سەرمایەداری فیودالی هەبێو تەنها چاوی لەو پرۆژانە بێت قازانجی زۆریان بەماوەیەکی کورت بۆ دەستەبەردەکات، یاخود پلانی دەست تێکەڵکردن لەگەڵ بەرپرسە حیزبیەکان بێت بۆ پاراستنی سەرمایەو بەدەستهێنانی قازانج بەئاسانیو کەسیش نەتوانێ ململانێی بازاڕی ئازادیان لەگەڵدابکات

# دەفتەر



شەن جەزا کەریم

هەر لەو کاتەوە پەنجەکانمان ناسکو نینۆکەکانمان نەرمە، ئەبینە ئاشنای دەفتەرو کاغەزو قەڵەم، کە خۆی لەخۆیدا بەهایەکی گەورەی هەیە، یاداشتو مێژوو لەدەفتەراو، تەنانەت کتێبە ئاسمانیەکانیش یەکەمجارو پێش دروست بوونی چاپ لەدەفتەرا نوسراون.

پرۆسەی بازرگانیش، کاتێک رێک ئەخرێت پێویستی بەچەندین جۆر دەفتەر هەیە کە بۆ بەرچاوڕونی لێرەدا بەکورتی باسی لێئەکەین، بەو هیوایەی سودی هەبێت بۆ بازرگانان، دەفتەر گرتن لەپرۆسەی بازرگانیدا گرنگی خۆی هەیە کە ئەمانەن:

١- دەفتەری دایک (الاستاذ): ئەو دەفتەرەیە کە پاش پوختەکردنەوە هەمو زانیاری حساباتی دەفتەرەکانی تر تیایدا تۆمار ئەکرێت.

٢- دەفتەری رۆژانە: ئەو دەفتەرەیە کە رۆژانە هەمو زانیاریەکانی تیا تۆمار ئەکرێت بەوردەکاریەکانەوە.

٣- دەفتەری هەژماری کۆگا: ئەم دەفتەرە رێکئەخرێت بۆ ئەو کاڵایانەی لەبەردەستان یان لەکۆگادان، تا بازرگان بەوردی بزانێت چ کاڵایەکی هەیەو برەکەی چەندە.

٤- دەفتەری نامەکان: ئەتوانین لەبری ئەم دەفتەرە دۆسیەش بەکاربهێنین. ئەم دەفتەرە هەمو ئەو نامانەی تیا ئەپارێزرێ کە لەبەینی بازرگان یا کۆمپانیادا ئاڵوگۆر کراوە لەگەڵ بازرگانان یان کۆمپانیاکانی ترو لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٥- دەفتەری قەرز: ئەم دەفتەرە باشتر وایە بکرێتە دوو دەفتەر

آ- دەفتەری ئەوکەسانەی کە قەرزاری بازرگانن، کە هەمیشە بازرگان زانیاری تەواوی لەبەردەستا ئەبێت کە بڕی چەند قەرزی داوە بەخەڵک.

ب - دەفتەری ئەوقەرزانەی لەئەستۆی بازرگاندایە: ئەم دەفتەرەش هەمیشە زانیاری تەواو ئەدات بەبازرگان تا بزانێت چ قەرزێکی لەئەستۆدایە، تا پلانی بۆ دابنێت بۆ دانەوەو پاکتاوکردن.

ئەو پێنج دەفتەرە لەدەفتەرە سەرەکیەکانی بازرگانە کە پێویستە بونی هەبێت، هەندێ دەفتەری تر هەن کە سەرەکی نین بەڵام بونیان باشە ئارەزومەندانەیە لەلایەن بازگانەوە رێکیان بخات یان نا.

١- دەفتەری تێبینیەکان: دەفتەرێکی رۆژانەیە هەمو زانیاریو تێبینیەکانی رۆژانەی بەپەلە تیا ئەنوسرێ، واتە (مسودە)، پاشان زانیاریەکان ئەگوێزرێتەوە بۆ سەر دەفتەرەکانی تر هەر یەکەو تایبەتمەندی خۆی.

٢- دەفتەری پەراوە داراییو بازرگانیەکان: ئەم دەفتەرە هەمو ئەو جوڵە بازرگانیانەی تا تۆمار ئەکرێت کە لەڕێگەی پەراوە دارایی بازرگانیەکانەوە ئەنجام ئەدرێ لەوەرگیراوو رۆشتو.

٣- دەفتەری کۆگا: لەم دەفتەرەدا هەمو ئەو کاڵایانە ئەنوسرێ کە بەپراکتیکی لەئامارو کۆگاکاندا بونیان هەیەو بە بەردەوامی چی دێتە سەرو چی لێئەروات تۆمار ئەکرێت، لەڕێی ئەم دەفتەرەوە بازرگان هەمیشە ئەزانێت چ کاڵایەکی هەیە یان چ کاڵایەک کەمی هەیە.

٤- دەفتەری خەزێنە یا سندوق: ئەم دەفتەرە هەمو ئەو تۆمارانەی لەمەڕ پارەی نەختینەو بانکەکاندا هەیە تیا تۆمار ئەکرێت.

رێکخستنو بونی ئەم دەفتەرانە سودێکی زۆری ئەبێت بۆ بازرگان کە گرنگترینیان ئەوەی لەبەردەم لایەنە بەرپرسەکانی وەک بانکەکانو ئیدارەی کۆمپانیاکانو دەستەو فەرمانگەکانی باجدا، ئەبنە بەڵگە بۆ ڕاستیو دروستی چالاکیە بازرگانیەکان. هەروەها هەمیشە بازرگان بەگەڕانەوەی بۆ ئەو دەفتەرو لیستانە بەرچاوڕونی تەواوی لەبەردەستدا ئەبێت سەبارەت بەو جوڵانەی بازرگان خۆی تەنانەت پێشبینی زەرەرو قازانجی خۆشی ئەکات، هەروەها بەهۆی ئەم دەفتەرانەوە ئەتوانێت حساباتی کۆتایی ساڵانەی خۆی رێکبخات، سودو زیان دیاری بکاتو پێشکەش گشت لایەنە پەیوەندیدارەکانی بکات.

> هەمیشە بازرگان بەگەڕانەوەی بۆ ئەو دەفتەرو لیستانە بەرچاوڕونی تەواوی لەبەردەستدا ئەبێت سەبارەت بەو جوڵانەی بازرگان خۆی تەنانەت پێشبینی زەرەرو قازانجی خۆشی ئەکات



# چۆن دەرفەتی بەبازاڕکردن بڕەخسێنین؟



وەسفی خەلیل ئیسماعیل

سروشتی مرۆڤ وایە لەنواندنی هەر چالاکیەک دەیەویت بەرهەمی ماندووبونی خۆی ببینێت بۆ ئەوەی بزانێت تا چەند جێگە دەستی دیارە، ئەمە ڕاستە بۆ هەموو بۆرەکانی ژیان چجا ئەگەر ئەمە لەبواری کشتوکاڵ بێت.

ئەو ماندووبونەی جوتیار یان خاوەن پیشە کشتوکاڵیەکان پێیهەڵدەستن لەم بارودۆخە پڕ مەینەتیە لەلایەک، گۆڕانی کەشوهەوای زەوی نەک هەر بوەتە هوکاری سەرهەڵدانی وشکەساڵی، بگرە وەرزەکانی ساڵی شپرزە کردوە، نە سەرما لەکاتی خۆیدا دێو نەگەرما. هەروەها رێژەی بارانبارین زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەرهاتوە، لەوەرزێک کە دەبوو باران ببارێت بێ بارانییەو بەپێچەوانەشەوە. ڕاستە ئەمە وادەکات جوتیار زۆر نیگەران بێت لەئەنجامی ماندووبوونو هیلاک بوونی، ئەمە لەلایەک. لەلایەکی تریشەوە ئەو ئاڵۆزییەی سەرتاپای جیهانی گرتوەتەوە هەر لەبڵاوبونەوەی نەخوشی کۆرۆناوە کە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە بوەتە مایەی قەیرانێکی خۆراک بەهۆی گرانیو بەزەحمەت دەسکەوتنی، کە تا ئێستاش کاریگەری خۆی ماوە لەسەر بازاڕ، ئەمە جگە لەوەی سەرهەڵدانی گرژی سیاسیو ئاڵۆزی سەربازی لەچەندین جێگەی جیهان کە دیارترینیان جەنگی ڕوسیاو ئۆکرانیایە، ئەوەندەی تر باری نائاسایی باڵی بەسەر هەموو جیهاندا کێشاوە.

ئەم هۆکارانە پاڵمان پێوە دەنێنن ئێمەش هەڵوێستەیەک بکەین لەئاستی ئەو بێ سەروبەرییە لەبازاڕی ساغ کردنەوەی هەموو جۆرە کاڵایەک، بەتایبەت خۆراکو ئەوەی کە سەرچاوەکەی بەروبومی کشتوکاڵیە، بۆیە جیهان بەهەموو رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیشەوە زۆر نیگەرانن لەچارەنوسی کومەڵگای مرۆڤایەتی لەڕوی بڵاوبونەوەی برسیەتیو قاتو قڕی، بۆیە دەبێت دەسەڵاتداران بەهەموو توانایەکانیەوە گرنگی بەکەرتی کشتوکاڵ بدەن، هەمیشە بیر لەپتەوکردنی ژێرخانی ئەم کەرتە ژیارییە بکەنەوە، چونکە ئاسایشی هەمووان بەندە بەم کەرتەوە، پاشان ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە ئێمە لەناو ئەم جەنجاڵییە چون بتوانین بژێوی ژیانی هاوڵاتیان مسۆگەربکەین؟ لەڕێی لابردنی کۆسپو تەگەرەکانی پرۆسەی کشتوکاڵی وا بکرێت جوتیار لەو نیگەرانەیە ڕزگار بکرێتو چۆن بتوانێت بەرهەمی ڕەنجی شانی خۆی ساغ بکاتەوەو چۆن بتوانێت بازار بۆ بەرهەمەکەی بدۆزێتەوە؟ چۆن بەرەنگاری بەرهەمی دەرەکی ببێتەوە؟ چۆن خۆی بپارێزێت لەکارە سروشتیەکان کە بەهوی گۆڕینی کەشو هەوای زەوی سەریهەڵداوە؟ هەروەها چۆن بتوانێت بەئاسانی کەرەسە پێوستییەکانی کشتوکاڵ دەستەبەر بکات بەتایبەت تەکنەلۆجیای نوێو شێوازی نوێ لەچاندن کە هۆکار دەبێت بۆ کەم بەکارهێنانی ئاو بەمەبەستی رەچاوکردنی کەمئاویو بەکارهێنانی کەمترین رێژە لەپەینی کیمیاویو دەرمانی قرکەر کە لەهەمانکات ئەم رێکارانە دەبنە مایەی کەمکردنەوەی تیچونی بەرهەمەکەیو بەتەندروستکردنی.

دیارە هەنگاونان بەم ئاراستەیە تەنها بەتوانای جوتیار جێبەجێ ناکرێت ئەگەر پاڵپشتی حکومەت نەبێت، چ لەڕووی مادی یان لەڕوی بەسستم کردنی پروسەی کشتوکاڵی، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین جۆرێک لەبێسەروبەری بەم کەرتە گرنگەوە دیارە، بۆ نمونە ئەگەر سەیری لەوەڕگای سروشتی بکەین لەبەر کەمی رێژەی بارانبارین پێوستی ئاژەڵ دابین ناکات، هەمووشمان ئەزانین رۆژێک لەڕۆژان سەرچاەی سەرەکی بەخێوکردنی ئاژەڵ لەوەڕگای سروشتی بووە، بۆیە دەبێت پەنا بۆ دابینکردنی ئالیک ببەین، نەک بەو شێوەیەی ئێستا هەیە، زۆربەی کەرەسەکانی لەدەرەوە هاوردە بکرێت، بەڵکو هەوڵبدرێت ئەوەی لای خۆمان دەسکەوێت، دەبێت لەڕێی هاندانی جوتیار کار لەسەر بەرهەمهێنانی ئەو بەروبومانە بکەن.

هەروەها هەوڵبدرێت ڕوبەری چێنراوی زیاد بکریت بەپشتبەستن بەڕێنماییە زانستییەکان، لەهەمانکات هەوڵبدرێت کار لەسەر بەروبومە کشتوکاڵیەە پیشەسازەیەکان بکرێت، بەتایبەت گوڵەبەڕۆژەو گەنمەشامیو پەموو کونجی، چونکە جوتیاری خۆمان ئاشنان بەچاندنیانو کەشو هەوامان گونجاوە بۆ ئەم بەروبومانە، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی زەیتو ئالیکو بەگەڕخستنەوەی کارگەی ڕستنو چنینو لەهەمانکات هەوڵبدرێت کارگەی خۆشکردنی پێستەو خوری دابمەزرێت بۆ سوود وەرگرتنی لەبەرهەمی ناوخۆ کە ئێستا بەنرخێکی هەرزان ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت، هەندی جاریش یان دەسوتێنریت یان دەفەوتێنرێت.

چەندین بەرهەمی میوەمان هەیە بەداخەوە بێ ئەوەی سودی لێوەربگیرێت لەڕێی دامەزراندنی کارگەی لەقوتوونانەوە، زۆرجار بەرهەمی تریش هەن سودیان لێوەرناگیرێ. لەناوچە گەرمەکانیش دەکرێ باخی خورما فراوان بکرێت، لە پەنایشیەوە داری مزرەمەنی بچێنرێت. ئەم جۆراوجۆر کردنە لەبەرهەم وادەکات جوتیاران تەنها سەرقاڵی جۆرێک لەبەروبوم نەبن، بەوەش دەبێتە مایەی مسۆگەرکردنی پێداویستی بازاڕی ناوخۆ، لەلایەکیتریشەوە دەبێتە هۆی بەجۆراوجۆرکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان.

دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانین جوتیار خۆی لەبەروبومە پیشەسازیەکان ئەدات، ئەگەر بێتوو حکومەت هاوکار نەبێت لەئاسانکاری کردن بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرە کارگانە چ لەڕووی هاندانی سەرمایەداران یان لەڕێی بەگەڕخستنەوەی بانکی پیشەسازیو ڕێگری کردن لەهاوردەکردنی ئەو جۆرە کاڵایانەی کە لەپیشەسازی گۆڕاو (الصناعات التحويلية) دەستدەکەوێت، لەئەنجامی بەکارهێنانی بەروبومی ناوخۆ دیتە بەرهەم، ئەوەش یان بەدانانی باجێکی گونجاو یان قەدەغەکردنیان، ئەگەر توانیمان پێداویستی ناوخۆ دابین بکەین لەبەروبومیک.

ئەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت هەندێ بەروبومان هەیە زۆر لەپێویستی خۆمان زیاترە، دەبێت هەوڵ بدرێت بازاڕی ناوەڕاستو خوارووی عێراقی بۆ فەراهەم بکرێت، بەتایبەت لەکاتی هەر گفتوگۆیەک لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دەکرێت ئەمە یەکێک لەبابەتە سەرەکیەکان بێت، بەشێوەیەک دوور بێت لەهەر جۆرە ئاڵۆزییەکی سیاسی.

لەلایەکی تر هەوڵبدرێت بەرهەمە کشتوکاڵیەکانمان بەتەندروست بکرێت بەشێوەیەک کواڵێتی بگونجێت لەگەڵ ستانداردی جیهانی یان لەگەڵ ستانداردی ئەو وڵاتانەی بەرهەمی خۆمانی بۆ هەنارده دەکەین، بەو رێگایانە دەتوانین بازاری دەرەکی بۆ بەرهەمەکانمان پەیدا بکەین. تاقە رێگا بۆ چارەسەری ئەم گرفتە بەشداری کردنی وەزارەتی کشتوکالە بۆ لابردنی ئەو کۆسپو تەگەرانەی رێگرن لەهەناردەکردنی بەرهەمی خۆماڵی بۆ دەرەوە. ڕاستە ئێمە خاوەنی بەرهەمێکی پاکو پوختین، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە گرنگی بەپاکەتکردنو پێچانەوە بدەین بۆ ئەوەی پارێزگاری بکات لەسەر شێوەو کواڵتیەکەیو لەهەمانکات ببێتە جێی سەرنجی کڕیار، بۆنمونە بەداخەوە بەرهەمی گۆشتی پەلەوەر کە تا ئێستا بەزیندووی بەبازاڕ دەکرێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا لەڕووی تەندروستییەوە گونجاو نیە. لەهەمانکات تێناپەڕێت بەپروسەی بەپشەیسازی کردنی کە یەکێک لەئەڵقە سەرەکیەکانی سەربڕخانەیە (مجزرة) جگە لەوەی دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی بەرهەمەکە بەجوانیو تەندروست بخرێتە بازاڕ، بەرێگەی سەربڕخانەش دەتوانرێت باڵانسی بازار ڕابگیرێت لەڕووی خواستو خستنەڕوو، ئەمەش دەبێتە مایەی سەقامگیر کردنی نرخی گۆشتی پەلەوەرو لەئەنجامدا هاوڵاتی سوودمەند دەبێت.

لەلایەکی تریشەوە خاوەن پرۆژە کیڵگە پەلەوەرییەکان تووشی زەرەرو زیان نابن، لەڕووی بەرهەمی سەوزەش دەکرێت هەمان کاری بۆ بکرێت، لەهەمان کات هەوڵبدرێت بەرهەمەکەی جۆراوجۆر بکرێت، بەداخەوە تا ئیستا بەرهەمی خەیار نزیکەی ٨٠٪ی بەرهەمی پێکدەهینێت، ئەمەش وا دەکات لەکاتی وەرزی بەرهەمهێنان زۆرجار بەنرخێکی زۆر هەرزان دەفروشرێت زۆر لەتێچونی کەمتر یان هەر لەکێڵگە لەناو دەبرێت.

ئابوریناسانی ئەم بوارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەبازاڕکردن کرۆکی ئابوری کشتوکاڵییە، چونکە ئەم پرۆسەیە سێ رەگەزی سەرەکی بەخۆیەوە دەگرێ، ئەویش بەرهەمهێنەرە کە جوتیارەو عەلوەکانە کە رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەساغکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانو رەگەزی سێهەم بەکاربەرە کە دەبێت خواستو ئارەزوی ڕەچاو بکرێت، لەکاتێکدا ئەم خاڵە پشتگوێ بخرێت بێگومان ئەو بەرهەمە زۆر ئەستەمە ساغ بکرێتەوە بەمەش بەرهەمهێن تووشی بێ ئومێدی دەبێت.

لەکۆتایدا دەبێت وەزارەتی کشتوکاڵ هەمیشە چاودێر بێت لەسەر بازاڕو بەردەوامی بەڕێنماییەکانی هەر لەسەرەتای بەرهەمهێنانەوە تا بەبازاڕکردن ئامۆژگاری جوتیارانو خاوەن پیشە کشتوکاڵییەکان بکات، رۆڵیشی هەبێت لە بەسستەم کردنی ئەم کەرتەو هەردەم سوود وەربگرێت لەفەرمانگەو سەنتەری توێژینەوە کشتوکاڵیەکانو فەرمانگەکانی رێنمایی، چونکە هەمیشە دەبێت ئاستی هوشیاری جوتیار بەرز بکەنەوەو زانیاری تازە یان پێبدات هەوڵبدەن لەهەر گۆڕانکارییەکی سروشتی رێنمایی جوتیاران بکەن، بەتایبەت لەم بارودوخەی بەسەر جیهاندا هاتووە لەئەنجامی گۆڕینی ئاووهەوا کە یەکێک لەدیاردەکانی وشکەساڵیو کەمئاوییە، بۆئەوەی جوتیار رێنمایی بکرێت بۆ بەکارهێنانی کەمترین ئاو بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بەرهەم.

با دروشمەکەمان لەم قوناغەدا ئەوە بێت، دابینکردنی ئاسایشی خۆراک تاقە رێگەیە بۆ مسۆگەر کردنی خۆراک بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگاکەمانو ببێتە کۆڵەکەی بنەڕەتی بۆ مسۆگەر کردنی ئاسایشی نەتەوەیمان.

> بەبازاڕکردن کرۆکی ئابوری کشتوکاڵییە، چونکە ئەم پرۆسەیە سێ رەگەزی سەرەکی لەخۆدەگرێ، ئەویش بەرهەمهێنەرە کە جوتیارە، عەلوەکانە کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەساغکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، بەکاربەرە کە دەبێت خواستو ئارەزوی ڕەچاو بکرێت



دلاوەر عەلی سۆفی

## ئادابو لافاوی گەندەڵی

هەموان رۆژانە لەهەمو کایەکاندا گوێبیستی ئەم وشە ناقۆڵایە ئەبین (گەندەڵی)، لەڕۆژانی دروستبونی حکومەتی هەرێمەوە ئەم دیاردەیە سەریهەڵداو چاوچنۆکی گەشتە ئاستێک دەست برا بۆ سامانی گشتی، بۆ پڕکردنی گیرفانو چاوی چاوچنۆکان، تەنانەت داهێنانیشی تیاکراو چەندین دەروازەی بۆ ئاوەڵا کرا، ئەبینینو ئەبیستین لەزاری بەرپرسانیشەوە باسی گەندەڵی ئەکرێت، لەهەمانکاتدا گوێبیستی ئەوەش ئەبین کە گوایە حکومەتەکەمان بەنیازە گەندەڵی کەم بکاتەوە، تا دواجار بنەبڕی بکات.

ئالێرەدا مرۆڤ گومان بەرچاوی ئەگرێ بەهۆکاری ئەوەی لەبری ئەوەی کەم بکرێتەوە سیستماتیک ئەکرێت لێرە بەدواوە چاوەڕوانی ئەوەین ئەو رۆژە بەچاو ببینین وڵاتەکەمان لەگەندەڵی پاک بکرێتەوە، گەندەڵکاران بدرێنە دەست یاسا.

بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە دیاردەیەکە کە هاوشان لەگەڵ گەندەڵیدا رێئەکات ئەویش نەمانی ئادابی مامەڵەکردنو ئەتەکێتی هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵە، خەریکە ئەبێتە شێرپەنجەو ئەتەنێتەوە بەناو هەمو توێژەکانی کۆمەڵگادا، ئێمە لێرەدا دیاردەی مامەڵەی هاوڵاتیو کارمەندانو فەرمانبەرانی فەرمی باس ئەکەین، لەزۆرێک لەفەرمانگەکاندا هەندێک کارمەند نەک هەمویان بەچاوێک لەهاوڵاتی ئەڕوانێت وەک ئەوەی هاوڵاتیەکە مەخلوقێکی جیاواز بێت لەو، یاخود لەهەسارەیەکی ترەوە هاتبێت، خۆشی بەجۆرێک لوتبەرزیەکەی خۆی زەق ئەکاتەوە، لەبەرچاوی سەردانیکەرانی فەرمانگەکان ئەبێتە کەسێکی بێزراو!

دیاردەیەکی تر کە هاوڵاتی تیا لایەنی نێگتیڤە ئەوەیە کە هەمیشە خۆی بەهەقو بەرامبەرەکەی بەناهەق بزانێت یان نەدانی زانیاری راستو چەواشەکاری کردنە کە ئەبێتە سەرلێشێواندنی کارمەندەکان، لێردا جێی خۆیەتی ئەوە بخەینەڕوو کە هەمو ئەم دیاردانە وابەستەی ئادابی هەڵسوکەوتو مامەڵە کردنە لەگەڵ یەکتر.

دیاردەیەکی قێزەونی تر ئەوەیە کە هەندێ کارمەند لەهەندێ بواری خزمەتگوزاریدا کارئەکات لەهەردو کەرتی گشتیو تایبەتدا، ئەبینین هەمان کەسایەتییەو لەکاتی کارکردندا لەکەرتی گشتیدا وەک بەسوخرە گیرابێت یان زیندانییەک بێت بەزۆر کاری پێبکرێت، بەڵام هەمان کەسو هەمان کایە کاتێک لەدوای دەوامی فەرمی لەکەرتی گشتیدا، خزمەتگوزاریەکان پێشکەش ئەکات لەکەرتی تایبەتدا ئەبێتە فریشتەو شەکر لەقسەکردنی هەڵئەوەرێ!

ئەتوانین بڵێین سەرجەم کۆمەڵگا بەرپرسە لەنەریتو کلتورەکان بەجوانو ناشیرینەکانەوە، جێی خۆیەتی ڕووی دەممان بکەینە پەروەردەو فێرکردن کە ئەرکی ئەوانە ئاداب لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بکەنە وانەو بەرنامە لەباخچەی ساوایانەوە نەوەکانی داهاتویان پێ گۆش بکەن تا ئێمەش کۆمەڵگایەکی بەفەرهەنگو کلتور بەرهەمبهێنین، خۆمان دەرباز بکەین لەو گرێ دەرونیو ڕقو کینانەی هەمیشە ناخی کەسە دەرون نەخۆشەکان ئەبزوێنێو دورمان ئەخەنەوە لەخوشەویستیو خۆنەویستی.

کەواتە پێویستمان بەوانەی ئادابە لەگشت بوارەکاندا، ئادابی گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتری، ئادابی سەردانی شوێنە گشتیو فەرمیەکان، ئادابی دراوسێیەتی، ئادابی شایی، ئادابی پرسەو شین، تەنانەت ئادابی سفرەو نانخواردنیش، ئەمانەی باسمان کرد بەکۆی هەمویان ئەبنە کلتورێکی شارستانی کە خۆشەویستی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا ئەچێنێ.

خۆزگە حکومەتەکەمان پلانێکی بۆ پەروەردەو فێرکردن دائەڕشتو ئادابی ئەکردە وانەی تایبەت لەگشت قۆناغەکانی خویندنو لەگشت بوارەکاندا، ئەگەر بەوردی لەم پرسە نەڕوانین ئادابی کۆمەڵایەتیو نەریتە جوانەکان ئەکەونە بەر لافاوی گەندەڵی ئەوەی کە هەشبوە ڕایئەماڵێت.

| دیزاین | سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی | بەڕێوەبەری نووسین | جێگری سەرنوسەر | سەرنوسەر | خاوەنی ئیمتیاز |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| عادل عومەر | سەردار محەمەد | یاسین ڕەحیم فەرەج | دلاوەر عەلی سۆفی | ئاراس عەبدولکەریم مەعروف | ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی |


# حاجی ئاسکە: ساڵانە ٣٠٠ دۆنم گەنم دەچێنم



ئا: ڕێژەن سەردار



**حاجی ئاسکە ژنێکی بەتەمەنی گەرمیانەو بەتەنیا کاری کشتوکاڵو ئاژەڵداری دەکات، ئەو دەڵێت "باوکم کوڕی نەبوو لەهەشت منداڵ بەس من مامەوە، بەتەنها خۆم کاری جوتیاریو ئاژەڵداریی دەکەم".**

حاجی ئاسکە، ژنە جوتیارێکی نمونەیی تەمەن ٦٧ ساڵە لەگەرمیان، لەگوندی جەوەل بەرامبەر تازەدێی ناحیەی قۆرەتوو کە سەر بەقەزای خانەقینە، ئەو بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "من لەمنداڵییەوە خەریکی کاری کشتوکاڵیو ئاژەڵداریمو ئەم کارەم لەباوکمەوە بۆ ماوەتەوە، وا ٢٥ ساڵە باوکو دایکم کۆچی دواییان کردوەو من بەتەنها سەرقاڵی ئەم کارەم، کرێکار دەگرم کارەکانم بۆ بکەن خۆم توانام نەماوە، بەڵام غیرەتم ڕێگەم نادات وازبهێنم".

حاجی ئاسکە وتی "من ساڵانە ٣٠٠ دۆنم زەوی بەگەنم دەچێنم، لەئێستادا ٩ تۆن گەنم داناوە بیوەشێنم، ٥ تۆنیشم ماوەتەوە بۆ وەرد، ساڵی پار ٩ تۆنو نیوم چاند، پێرار ٨ تۆنو نیوم چاندوە، ٣ ملیۆن دینارم دا بەسەماد، بەداخەوە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردودا ٦٠ ملیۆن دینار زیانم کردوە لەکاری جوتیارییو ئاژەڵداریی، بەڵام کۆڵنادەم".

وتیشی "خاوەنی ٢٥٠ سەر ئاژەڵ بووم، بەڵام بەهۆی وشکەساڵیەوە ناچارم تەنها ١٠٠ سەر ئاژەڵ بهێڵمەوە، ڕەوشی گەرمیان زۆر خراپە، بەهۆی وشکەساڵییەوە ئاژەڵەکان هیچ نیە بیخۆن، من گریانم دێت بۆیان".

حاجی ئاسکە سکاڵای ئەوە دەکات کە لەئێستادا حکومەتی هەرێم هیچ جۆرە هاوکارییەکی جوتیاران ناکات، نەسەمادو قڕکەر، نەئالیکی ئاژەڵ نادات بەجوتیاران، ئەو وتی "ئێمە ئاومان زۆرە، پێویستیمان بەبیر نیە، خۆم ٥ دۆنم زەویم لەسەر ڕوباری سیروان هەیە، بەڵام دوو ساڵە یەک مشت گەنمان نەبووە بیدەین بەحکومەت، زۆر بەداخەوە حکومەتێکمان نییە بەهیچ شێوەیەک پشتگیریمان بکات، تەنانەت خۆمان بنەتۆو دەکڕین".

وتیشی "بارانی ئەم چەند ڕۆژەی ئەمساڵ تەواو دڵخۆشی کردوین، بارانی باش باریو پەڵەی داوە ئەمە زۆر دڵخۆشم دەکات، چونکە تەنها وشکەساڵی ڕێگری کارەکانمانە، هەرچەندە حکومەتیش هاوکاریمان ناکاتو قەرزی کشتوکاڵیمان ناداتێ، گاز زۆر گرانە لیتری بەهەزار دینارە، کرێکاریش ٤٠ هەزار وەردەگرێت بۆ ئاودانی زەویەکان، من زیاتر گەنم دەکەم ساڵی ٢٠١٩، چونکە باران باش بوو ٨٢ تۆن گەنمم دا بەحکومەت، ١٥ تۆنیشم لێرە فرۆشت، ١٠ تۆنیشم هەڵگرت بۆ تۆو".


ریکلام




ریکلام

